Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090103

# کاریگەریی فیلم-کارتۆن لەسەرگەشەی زمان لای منداڵ

**ئاریا یاسین عەبدوڵلا**

بەشی زمانی کوردی // کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی گەرمیان

**یادگار عەلی محەمەد**

بەشی زمانی کوردی // کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی گەرمیان

*rticle Info*

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

*Keywords*

**کاریگەریی، فیلم-کارتۆن، گەشەی زمان، منداڵ.**

*Corresponding Author*

arya.yasin@garmian.edu.krd
yadgarali@garmian.edu.krd

**پوختە**

فیلم-کارتۆن، لەو بابەتانەیە منداڵان لەڕێگەی هۆیەل و ئامرازە میدیاییەکان ـەوە تەماشای دەکەن، بەشێك لەکاتەکانیان پێوەی سەرقاڵ دەبن. ئەم توێژینەوەیە: (کاریگەریی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لای منداڵ)، بەئامانجی: زانینی ڕادەی کاریگەری ئەو ژانەرە میدیاییە لەسەر لایەنی گەشەی زمان لەلای منداڵان، هەروەها گەیشتن بەزانینی جۆری زمانی بەکارهاتوو لە فیلم-کارتۆن ی تەماشاکراو لەلای منداڵانی هەرێمی کوردستان و ناوەڕۆکی فیلم-کارتۆنەکان و ئامرازی بەکارهاتوو بۆ تەماشاکردنیان، ئەنجامدراوە. توێژینەوەکە لەڕووی جۆرەوە بە (توێژینەوەی وەسفی) دادەنرێت، ڕێبازی (ڕووپێوکاری) لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، وەك ئامرازێك بۆ زانینی گۆشەنیگای بژاردەیەك لە مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان سەبارەت بەکاریگەریی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لەلای منداڵەکانیان بەکارهاتووە، بۆئەو مەبەستەش (٣٣) مامۆستای هاوسەردار لەڕەگەزی (نێر) و (مێ) بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو بە مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون.

بواری کاتی توێژینەوەکە بریتیە لەماوەی نێوان (١ی نیسان - ١ی حوزەیرانی ٢٠٢١) و هەرچی سنوری شوێنیش خۆی لە قەزای کەلار - ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دەبینێتەوە کە کۆلێژەکانی پەروەردە، پەروەردەی بنەڕەت، پزیشکی گشتی و زانست و بەشەزانستییەکانی یاسا، ئەندازیاری شارستانی لەزانکۆی گەرمیان ی تێدایە، سنوری مرۆیی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لەومامۆستایانەی زانکۆی گەرمیان کە منداڵی تەمەن (دوو – شەش) ساڵیان هەیە. لەکۆتاییدا؛ توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی، گرنگترینیان:

١- جۆری زمانی زۆربەی ئەو فیلم-کارتۆنانەی منداڵان تەماشای دەکەن کوردییە.

٢- تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن کاریگەریی لەسەر وەرگرتنی وشە لەلای منداڵان هەبووە و فێری دەربڕینی ڕستەی تەواو کردوون.

٣- تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی درووستبونی پاراوی لەئاخاوتن (دەربڕینی دەنگەکانی زمان بەدروستیی) لەلای منداڵان و وایکردووە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕستەی نوێ دروستبکەن کە پێشتر نەیانزانیوە.

٤- تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی درووستبونی پاراوی لەئاخاوتن (دەربڕینی دەنگەکانی زمان بەدروستیی) لەلای منداڵان.

## پێشەکی

### یەکەم: پێشەکی و میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

منداڵی لەگرنگترینی ئەو قۆناغانەیە کە مرۆڤ پێیاندا یدەپەڕدەبێت و منداڵ لەوکاتەوە فێری وەرگرتنی زانین ئەزموونی ژیان دەبێت بەتایبەت بەهەری گوێگرتن و ئاخاوتن لەوانەی لێیەوە نزیکن و لەڕێگەی ئامراز و هۆکارەکانی دەوروبەرییەوە.

تەمەنی منداڵی بەزۆری ڕادەی چالاکی جەستەیی و هزری و توانای وەرگرتنی زانیاریی لەڕێگەی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت بەتایبەت خێزان، قوتابخانە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتیش تەلەڤزیۆن، لەورووەوەی کە کاریگەری دەکاتە سەر منداڵان و بەوجۆرە گۆشیان دەکات و پەیامەکان ئاراستەیان دەکات، چونکە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو دەزگایە وێنە و دەنگ و جووڵەیە لەیەك کاتدا ئەوەش بەلای منداڵەوە سەرنجڕاکێش و حەزلێکراوە، لەو چوارچێوەیەشدا؛ تەلەڤزیۆن بەرنامەی (فیلم-کارتۆن) پێشکەش دەکات کەبەشێکی زۆری شاشەی کەناڵە تەلەڤزیۆنەکان داگیرکردووە بەتایبەت ئەوانەی تەرخانن بەمنداڵان و چەندین کەناڵی تایبەت بەو بوارە کراوەتەوە و منداڵان تارادەی ئالوودەبوون پێیانەوە سەرقاڵ بوون.

فیلم-کارتۆن ڕۆڵێکی گرنگی لەهاندان و فێرکردنی منداڵ بۆ ئەو زمانە هەیە کەپێی پەخش دەکرێت، لێرەدا زمانی کوردی بەجیاوازییەکانیەوە، لەڕێگەی پێشکەشکردنی ئەو بەرنامانە و دووبارەکردنەوەیان و کاریگەرێتی کەسێتی ںو فیلمەکان لەسەر منداڵان وادەکات حەز بەلاساياکردنەوەی زمان و شێوازی دەربڕینەکانیان بکەن، چونکە دەربڕینەکانیان ئاسانن و منداڵ دەتوانێت تەنانەت ئەزبەریان بکات و بۆخۆی دووبارەشیان بکاتەوە، هەروەها لەگرنگی فیلم-کارتۆنەکان سروشتی وشە پێشەکیەکانی بەرنامەکەیە کە تارادەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشن و پڕ لەجووڵە، ڕەنگ، میوزیك و دەنگی جیاوازن و هەر برگەیەو پەیوەندیدارە بەشوێن و ڕووداوێکی نێو فیلمەکان و کاریگەریان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ دەبێت لەگەڵ فێربوونی وشەی نوێ لەڕێگەی زۆر تەماشاکردنی بەرنامەکانەوە، چونکە منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا توانایەکی یەکجار زۆری لەوەرگرتن هەیە.

هەموو ئەو هۆکارانە بوون بەهۆی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (کاریگەریی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لای منداڵ) ئەنجام بدەین و لەونیوەندەشدا؛ منداڵی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لەڕووانگەی (دایك و باوك)انەوە بەنموونە وەربگرین و لەسەر ئەو ڕۆڵە بوەستین کە دەشێت فیلم-کارتۆن لەپێکهاتنی زمانی منداڵ و گەشەپێدان و شیاندنی هەبێت.

توێژەران هەستیان بەگرنگیی ئەنجامدانی توێژینەوە کرد دەربارەی دنیای منداڵ و ئەنجامی پەیوەستی زۆری منداڵان بەتەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەڕووی لێکەوتەی زمانییەوە، هەروەها گەیشتن بەلێکەوتە زمانییەکانی سەیرکردنی بەردەوامیان بۆ فیلم-کارتۆنەکان و زانینی کاریگەریی ئەو بەرهەمانە لەسەر منداڵان لەڕووانگەی کارلێکیان لەگەڵ دەوروبەریان و زانینی توانای منداڵ لەوەرگرتنی زمان لەڕێگەی بەرنامە پەخشکراوەکانەوە.

کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی توێژینەوەکەش لەچوارچێوەی پرسیارێکی سەرەکیدایە، ئەویش: فیلم-کارتۆن چ ڕۆڵێکی لە گەشەپێدانی زمان لای منداڵان هەیە؟

توێژینەوەکە لەڕووی جۆرەوە بە (توێژینەوەی وەسفی- پەسنی) دادەنرێت، ڕێبازی (ڕووپێوکاری) لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپێوی، وەك ئامرازێك بۆ زانینی گۆشەنیگای بژاردەیەك لە مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان سەبارەت بەکاریگەریی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لەلای منداڵەکانیان بەکارهاتووە، چونکە ئەم میتۆدە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە یەکدەگرێتەوە، میتۆدێکە تەنها لەوەسفکردنی دیاردەکان کورت نابێتەوە، بەڵکوو بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستی دروستیی زانستی، شیکار و لێکدانەوەش بۆ دیاردە و ڕووداوەکان دەکات.

بواری کاتی توێژینەوەکە بریتیە لەماوەی نێوان (١ی نیسان -١ی حوزەیرانی ٢٠٢١) و هەرچی سنوری شوێنیشە خۆی لە قەزای کەلار - ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دەبینێتەوە کە کۆلێژەکانی پەروەردە، پەروەردەی بنەڕەت، پزیشکی گشتی و زانست و بەشەزانستییەکانی یاسا، ئەندازیاریی شارستانیی لەزانکۆی گەرمیانی تێدایە. سنوری مرۆیی توێژینەوەکەش کە لە(کۆمەڵی توێژینەوە)خۆی دەبینێتەوە،هەموو مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان کە منداڵی تەمەن (دوو تا شەش) ساڵیان هەیە و ژمارەیان (١٥٨) مامۆستایە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) دەگرێتەوە،سەبارەت بە (نموونەی توێژینەوە)کەش: (٣٣) مامۆستای ئەو ژمارەیە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون،کە دەکاتە (٢٠.٨%)ی هەموو کۆمەڵی توێژینەوەکە،ئەوەش ڕێژەیەکی گونجاوە.

بۆ ئەم توێینەوەیە و ساغکردنەوەی لایەنی زانستی ئەنجامەکانی، توێژەران گەڕاون بەناو کەلەپووری زانستیی بەتایبەت توێژینەوەی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە بەردەستەکان بەزمانە جیاجیاکان، (پێنج) توێژینەوەی زانستیی پێشوو کە پەیوەندیدارن بەگۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە خراونەتەڕوو،پاشان ئەنجامە پەیوەندیدارەکانیان بەراورد کراون بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە هەرشوێنێکیش ئەنجامەکان دژ بوبێتن خراونەتەڕوو.

**یەکەم: توێژینەوەی: مریم شمام (٢٠١٩).**[١]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی ئاستی کاریگەریی یاخود بەشداری فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لەلای منداڵان و توانای منداڵ لەوەرگرتنی زمان لەڕێگەی فیلم-کارتۆنە پێشکەشکراوەکان لەکەناڵەکانی (Mbc3،Spacetoon). لەم توێژینەوەیەدا؛ میتۆدی (پەسنی – ڕووپێوی و شیکاری) بەکارهاتووە و لەبەشی ڕووپێوەکەدا؛ (٧٧) مامۆستای باخچەی منداڵان بەنموونە و لەماوەی نێوان (١٥ی نیسان – ١٠ی ئایاری ٢٠١٩) وەرگیراون. توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتووە:

- (٨٧.٠١%)ی منداڵان تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن.
- ئەو منداڵانەی ڕۆژانە بۆماوەی کاتژمێرێك تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٧١.٤٣%)، دوو کاتژمێر بەڕێژەی (١٦.٨٨%) لەپلەی دووەم و (١١.٦٩%) زیاتر لە دوو کاتژمێر و بەپلەی سێیەم دێن.
- (١٠٠%)ی منداڵان تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن کاریگەری لەسەر گەشەی زمانیان هەبووە، هەروەها ئەو هەستە لەلای منداڵانی تەمەن (٢- ٦) ساڵیان پەیدابووە کە گەشە لەزمانیان ڕوویداوە.
- (١٠٠%) منداڵان ئەو کردارانە دووبارە دەکەنەوە کە لەنێو فیلم-کارتۆنەکان دەیبینن.
- (٩٠.٠٩%)ی منداڵان ئەو وشە و گوزارشتانە دووبارە دەکەنەوە کە لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە وەریدەگرن.
- منداڵان لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (١٠٠%) حەز بەتەماشاکردنی ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن کەزمانی بڵاوکردنەوەیان (ستاندارد)ە.
- سەبارەت بەجۆری ناوەڕۆکی فیلم-کارتۆنەکان، منداڵان لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٣٨.٤٨%) حەز بە ناوەڕۆکی ئەفسانەیی و دوور لەواقیع دەکەن، هەریەك لەناوەڕۆکەکانی (ئاسایی) و (توندوتیژی)یش لەپلەی دووەم بەشێوەی یەکسان و بەڕێژەی (٣٠.٧٧%) هاتوون.

**دووەم: توێژینەوەی: هاجر داود، عائشة رفيسي (٢٠١٩).**[٢]

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانین و دەرخستنی جۆری ئەو هەڵسوکەوتانەیە کەمنداڵان لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەکەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانەوە ئاشنایان دەبن، هەروەها ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی کە زۆرتر کاریگەریان لە پێکهێنانی ئەو پرۆسەیەدا هەیە. میتۆدی پەسنی بەڕێگەی ڕووپێو بۆ زانینی گۆشەنیگای (١٠٠) دایك لەویلایەتی ئەلبویرە لەجەزائیر بەنموونەی توێژینەوەکە و بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە. لەدیارترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە:

- دایکان باوەڕیان وایە تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەتەلەڤزیۆنەکان کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنیش هەبووە، هەروەها بەپلەی یەکەم بەڕێژەی (٥٤%) کاتی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن بریتیە لە کاتژمێر (٥ – ٨)ی سەرلەئێوارە.
- زۆرترینیان بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٤٨%) منداڵەکانیان ڕۆژانە بۆماوەی (١-٢) کاتژمێر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن.
- پلەی یەکەمیان بەڕێژەی (٥٣%) خۆیان بەتەنها تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن.
- پلەی یەکەمی منداڵان بەڕێژەی (٤١%) بۆ ئاشنابوون بەزمانی نوێ تەماشای فیلم-کارتۆنەکان دەکەن.
- ناوەڕۆکی ئەو فیلم-کارتۆنانەی منداڵان تەماشای دەکەن بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٤٣%) ناوەڕۆکێکی خۆشبارییان هەیە و پلەی دووەمیشیان بەڕێژەی (٢٥%) ناوەڕۆکێکی فێرکارییە.
- لەگرنگترین لایەنە ئەرێنیەکان کەمنداڵان لە تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن فێری بوون لەپلەی یەکەم وبەڕێژەی (٤٣%) بریتیە لەفێربوونی هەڵسوکەوتی چاك، (٤١%) لەپلەی دووەم خووی بەسوود و ڕێژەی (١٦%) بەها و گیانی هاوکاری و هەماهەنگی.
- لەلایەنە نەرێنیەکان کەمنداڵان لەتەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە فێری بوون، لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٣٢%) نواندنی هەڵسوکەوتی توند لەگەڵ ئەوانی تر، (٢٧%) لەپلەی دووەم گریانی نائاسایی و (٢٣%) خودپەسەندی و (١٨%) درۆ کردن.

**سێ یەم: توێژینەوەی: بودربالة سهام (٢٠١٥).**[٣]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەری تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنە لەسەر لایەنی گەشەی زمان لای منداڵ، هەروەها دەرخستنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو تەماشاکردنە لەسەر لایەنی دەروونی منداڵ. لەتوێژینەوەکەدا میتۆدی پەسنی بەڕێگەی شیکاری بەکارهاتووە و ئەڵقەی سێ لەبەرنامەی (عصابة الدالتون) لەکەناڵی ئاسمانی (MBC 3) کەکەناڵێکی سعودی تایبەت بەمنداڵانە بەنموونە وەرگیراوە.

لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەڕێگەی تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی گرنگ لەفەراهەمکردنی بوار بۆ گەشەپێدانی توانای زانین و زمانی لای منداڵ دەردەخسێنێت. فیلم-کارتۆن حەز و پێداویستیەکانی منداڵان تێر دەکات و سەرباری لایەنە ئەرینیەکانی کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر لایەنی دەروونی منداڵان و وایلێدەکات لاسایی هەموو ئەوانە بکاتەوە کە لەفیلمەکان دەیبینێت واقیع و خەیاڵ لێك جیانەکاتەوە.

**چوارەم: توێژینەوەی: مجلى محمد أحمد كريري (٢٠١٨).**[٤]

- ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: ئاشکراکردنی ئەو ڕۆڵەی فیلم-کارتۆن دەیگێڕێت لەزیادکردنی توانای منداڵ لەوەرگرتن و فێربوونی زمان لەڕووی چەمك و زاراوەکان، هەروەها زانینی دیاردە زمانییە باوەکان کەمنداڵان لەڕێگەی چیرۆکی فیلم-کارتۆنەکانەوە وەریدەگرن. ئەم توێژینەوەیە لەتوێژینەوە وەسفیەکانە و ڕێبازی شیکاری و ڕووپێوی بەکارهاتووە. لەلایەنی شیکاری، شیکار بۆ چەند ئەڵقەیەك لەژمارەیەك فیلم کارتۆن بەکارهاتووە، لەلایەنی ڕووپێویش فۆرمی ڕاپێوی دەربارەی کاریگەریی فیلم-کارتۆن لەسەر زمانی منداڵ، بەسەر (٢٠) بەرتوێژدا دابەشکراوە، کە دایک و باوکی منداڵی تەمەنی پێش چوونە خوێندنگەکەن. توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتووە:
- -فیلم-کاتۆن کاریگەریی دیاری لەسەر گەشەکردنی توانای زمان لای منداڵ هەیە، فێری پێکەوە بەستنەوەی ناوەکان بە وێنەبینراوەکانی دەکات، هەروەها ئاسانکاری بۆ منداڵ دەکات ئەزموونەکانی بەهێما و سیمبوڵە زمانیەکانەوە گرێبدات، لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی وشەکان لەمێشکی منداڵدا.

- دروست بەکارهێنانی زمانی لەڕووی ڕۆنان لەلای منداڵ بەتایبەت لەڕووی لێکجیاکردنەوەی نێر و مێ و تاك و کۆ ڕێژەییە و ڕێژەی تەماشاکردنیان بۆ فیلم-کارتۆنەکان کاریگەری لەسەر ئاستی دروستی بەکارهێنان لەلایان هەیە.
- فیلم-کارتۆن منداڵانی فێری دروستکردنی جۆرەکانی ڕستە کردووە، بەتایبەت ڕستەی پرسیاری و پاشان نەرێ.
- گرنگترین دوو هۆکار کاریگەری لەسەر زمانی منداڵ لەڕێگەی فیلم-کارتۆن هەیە:

یەکەم: نواندن، منداڵ زمانی کارەکتەرەکان وەردەگرێت و حەزی پێیان هەیە، هەروەها جووڵە و گوزارشتەکانیان لەکاتی نواندندا.

دووەم: چیرۆك، منداڵ بەگێڕانەوەی چیرۆکی نێو فیلم-کارتۆنەکان کاریگەر دەبێت، لەگەڵی کارلێك دەکات، بەڕادەیەك وەڵامی هەندێك لەوتی پاڵەوانی ناو چیرۆکەکان دەداتەوە.

**پێنجەم: توێژینەوەی: هیثم منصور عبدالقادر عبنده (٢٠١٣)** [٥]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی جۆر و ڕادەی بەکارهێنانی زمانی جەستەیە لەفیلم-کارتۆن (مغامرات عدنان) کە لە (٢٦) ئەڵقە پێکهاتووە. میتۆدی پەسنی شیکاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە و گەیشتووە بەوەی کە منداڵ زیاتر لەزمانی گووتن، کارلێك لەگەڵ زمانی جەستە (جووڵەی چاوەکان) دەکات و پێی کاریگەرە، هەروەها منداڵ لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە بەچەندین جۆری لەتوندوتیژی ئاشنا دەبێت، لەوانە: تێکدان و سووتاندن، بەوەش هەرشتێك دەسووتێنێت کە لەپێشی بێت. هەروەها فیلم-کارتۆن منداڵ فێردەکات کاتێك تووڕە دەبێت ددانەکانی بگیرێنێتەیەکتری (دانەجیڕە) بکات ئەوەش ئەوکاتەیە کە هەڵوێستێکی توند لەنێو فیلمەکان دەبینێت و کاریگەری لەسەری دەبێت و بەوجۆرە گوزارشتی لێدەکات.

توێژەران ڕێکاری (ڕوواڵەتە دروستی)یان بۆ دڵنیابوون لەلایەنی زانستی ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسیەکە و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە بەکارهێنا و فۆرمەکەیان بەشێوەی سەرەتایی ئاراستەی چەند پسپۆرێکیان لەبواری زمان و ڕاگەیاندن کرد[*]، پاش بەپێی پێویست سەرنج و تێبینیەکانیان بەهەند وەرگیرا و لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستییەوە ڕادەی دروستی دەرهێنرا، بریتی بوو لە (٨١%) ئەو ڕێژەیەش لەڕووی زانستییەوە ئاستێکی بەرز و گونجاوە.

لەم توێژینەوەیەدا چەند زاراوەیەکی سەرەکی بەرچاو دەکەون، توێژەران بەشێوەیەکی کارەکی ناساندنیان بۆ کردوون، بەمشێوەیە:

- **کاریگەری**: بەو شوێنەوارانە دەناسرێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنییەوە لەسەر بیرکردنەوە و ئاراستە و هەڵوێستی تاك و جەماوەر بەجێیدەهێڵن.
- **فیلم کارتۆن**: جۆرێکە لەفیلم ئاراستەی منداڵان دەکرێت، بەگشتی لەجووڵە و دەنگ و وێنەی ئەنیمەیشن یاخود جوڵاو پێکهاتووە و سرووشتی ناوەڕۆکەکەی جیاوازە و بەهۆکاری جوڵاندن و گەشەپێدانی زمان و توانای زیرەکی و ڕۆحیەتی داهێنان لەلای منداڵان دادەنرێت.
- **گەشەی زمان**: بریتییە لە گۆڕانی پلەبەپلەی زمان بەرەو ئاستێکی باشتر لەوەی پێشوو کە هەیە، زاراوەی گۆڕان هەمان ئامانج و واتای گەشە نادات بەدەستەوە ئەگەر گۆڕانەکە بە ئاراستەی باشتربوونی زمان نەبێت.
- **منداڵ**: بەو قۆناغەی تەمەن دەگوترێت کە ڕاستەوخۆ لە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی بەئاگایی و تێگەیشتنی تەواو و توانای بڕیاردان هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی، کە زۆربەی کات پێگەیشتن دەگرێتەوە.

## دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم: سەرەتایەك دەربارەی (فیلم-کارتۆن)

*** کورتەیەکی مێژوویی:**

گرنگیدانی مرۆڤ بە وێنە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ژیان لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە. مرۆڤی سەرەتایی وێنەی گیانلەبەری دەکێشا، تاوەکوو پێشوەختە خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی ئامادە بکات، بەڵام چەمکی (وێنەی جوڵاو) لەسەردەستی (بیترفانمۆ شەنبرووك) بۆ ساڵی (١٧٣٦) دەگەڕێتەوە. پاش (٢٥٠) ساڵ لەو مێژووەش؛ یەکەم فیلمی سینەمایی بەرهەمهێنرا و پەخشکرا.[٦] لەو قۆناغەوە بیرۆکەی دەرکەوتنی وێنەی جوڵاو و پەیوەستکردنی بە هونەری سینەما بەپاساوی ئەوەی بەشێکە لەهونەری کارەکە دەرکەوت. لەو ڕێگەیەشەوە قۆناغەکانی دەرکەوتنی جووڵە لەبواری سینەما لەنێوان ساڵانی (١٨٢٨ – ١٨٨٨) بەدەرکەوت. لەدیارترین هەوڵەکانیش هەوڵی (جۆزیف بلاتۆ) بوو. ئامێرێکی نمایشکردنی بەناوی (کیستی سکۆب) داهێنا، پاشان لەلایەن (ئیمێل ڕینۆ) ئامێری (براکسینۆ سکۆب) کۆکردنەوەی چەند وێنەیەکی وەستاوی دوابەدوای یەکە و لەڕێگەی ئامێرەکەوە دەجوڵێنرێن و بەهەموویانەوە دیمەنێك تەواو دەکەن- لەساڵی (١٨٧٦) داهێنرا. لەساڵی (١٩٠٠)، (تۆماس ئەدیسۆن) بیری لەگۆڕینی ئاراستەی دووکەڵی جگەرەکەی کردەوە، بەجۆرێك پێکهاتەکەی لەساتێك بۆ ساتێکی تر بگۆڕێت، لەساڵی (١٩٠٦)یش تەکنیکی تر لەبواری جوڵاندنی وێنەیی داهێنرا کە بەتەکنکیی وێنە بەوێنە دەناسرێت و (ستیوات بلاکتۆن) بەیەکەم کەس دادەنرێت ئەم تەکنیکەی لەفیلمی (ئوتێلە بێدەنگەکە) بەکارهێنا، بەوەش جۆرێك لەجووڵە بۆ وێنەی وەستاو زیادبوو.[٧] لەساڵی (١٩٠٩) یەکەم فیلم کاتێری جوڵاو لەشانۆی نیویۆرك لەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەناونیشانی (جێری دایناسۆر) پێشکەش بەجەماوەر کرا، پاشان بەهەمهێنانی زنجیرەی (بووجی پامب) لەلایەن (ئێرڵ هێردڵ) لەساڵی (١٩١٤).[٨] لەو مێژووە بەدواوە چەندین فیلم-کارتۆنی کوالێتی بەرز لەڕێگەی کامێرا و لەلایەن کۆمپانیاکان

بەرهەمهێنرا، لەوانە: کۆمپانیای (واڵت دیزنی) لەساڵی (١٩٣٧) و پێشتریش لەساڵی (١٩٣٢) دەنگ بۆ فیلمەکان زیادکرا. لەڕێگەی دەستەبەرکردنی تەکنیکە نوێیەکانیشەوە، ئەو کۆمپانیایە چەند زنجیرە کارتۆنێکی تری بەهێزی بەرهەمهێنا کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر ناوبانگ و کاریگەریان لەسەر نەوەکان ماوەتەوە، لەوانە: (میکی ماووس – ١٩٢٨، پلۆتۆ- ١٩٣٠، گۆفی- ١٩٣٥).[٩] *** چەمك و پێناسەی فیلم- كارتۆن.**

(فیلم- کارتۆن) لەدیارترین ئەو بەرنامانەیە کە منداڵان پەیوەستن پێیەوە و تەماشای دەکەن، چێژی لێدەبینن و کاتەکانیانی پێوە بەسەردەبەن، لەڕووی شێوازی ئاخاوتن و جلوبەرگ و ڕەفتاریانەوە، لاسایی پاڵەوان و کارەکتەرەکانیان دەکەنەوە. فیلمی کارتۆن لە ڕستێکی درێژ وێنە پێکهاتووە کەبەشێوەیەکی خێرا تێدەپەڕن و جۆرێك لەخەڵەتاندن لەچاوی تەماشاکەر دەکەن، چونکە وێنەکان لەسەر بنەمای چاوشارکێی مەبەستدار لەگەڵ چاو دروستکراوە و هەر وێنەیەکی کارتۆنی بۆماوەی (١/٢٠ چرکە) جێگری لەچاودا هەیە.[١٠] ئەو بەرنامانەیە کە وێنەی جوڵێندراو بۆ ناردنی پەیام بۆ منداڵانی لەخۆگرتووە، زیاتر شێوەی درامی ویستراوی تێدا بەکاردێت و کە پێکدێت لە ڕەنگەکان و جووڵە و کارتێکەرە دەنگییەکان بەمەبەستی گەیاندن و دروستکردنی کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ منداڵان و دانانی کاریگەری لەسەریان.[١١] هەروەها دەکرێت بەو بەرهەمانەش پێناسە بکرێت کە لەڕووداڵەتدا؛ گێڕانەوە یاخود چیرۆکێکی هزری و ڕۆشنبیرین، بەڵام لەناوەڕۆکدا؛ بەهای ڕەوشتی و بیروباوەڕیان هەڵگرتووە و زۆرجار وەرگر پێی کاریگەر دەبێت و جا لەڕێگەی هەستکردن بەو بەهایانە بێت یاخود بەپێچەوانەوە.[١٢] فیلمێکی سینەماییە، لەکۆمەڵێك وێنەی کێشراو و پەیکەر پێکهاتووە، لەلایەن وێنەکێشەکان و هونەرمەندان کێشراون بەکامێرای تایبەت وێنەیان دەگیرێت بەشێوەیەك کە پێویستی بەهەزاران وێنە دەبێت. [١٣]فەرهەنگی سینەما-ش بەمشێوەیە پێناسەی فیلم- کارتۆن دەکات: لەڕێگەی تەکنیکی تایبەتی سینەماییەوە، کەسایەتی و جیهانێکی ئەفسانەیی دروست دەکرێت، کە جۆرێکە لەجورەکانی جوڵاندنە سینەماییەکان.[١٤] لەفەرهەنگی زاراوە ڕۆژنامەوانییەکانیش پێناسە کراوە بەوەی کە پەخشکردنی ژیانە لەڕێگەی وێنەی کێشراو و هەڵکۆڵراو و وێنەی فۆتۆگرافی و بەگرتنی چەندین وێنەی یەك بەدوای یەك کە قۆناغی گواستنەوەی ڕووداو یان چیرۆکێك دەگوزانەوە لەسەر بنەمای وێنەگرتنی وێنە بەوێنە.[١٥] بریتیشە لەکۆمەڵێك وێنەی بێدەنگ سروشتێکی جوڵەی یەك بەدوای یەکیان هەیە، بەرهەم دەهێنرێت و نمایش دەکرێت لەڕێگەی پێدانی جووڵەوە، هەڵبژاردنی کەسایەتیەکانی نێو بەرهەمەکە و جوڵەپێکردنیان لەلایەن داهێنەران و هونەرمەندەکانەوە ئەنجام دەدرێت.[١٦]

*** جۆرەکانی فیلم-کارتۆن**

سەرچاوە زانستییەکان چەندین دابەشکارییان بۆ جۆر و شێوەکانی فیلم-کارتۆن کردووە، لەخوارەوە دیارترینیان دەخەینەڕوو.

یەکێك لە دابەشکارییەکان لەلایەن (**قوتابخانەی عەرەبی بۆ سینەما و تەلەفزیۆن**) کراوە:[١٧]

•جوڵاندنی شتەکان - Animation of objects.

•جووڵەی بووکەڵە - puppet animation.

•جوڵەی پۆستەر- collage animation.

•فیلمۆگرافی – filmography.

•فشارە بینین- visual squeeze.

•جوڵاندنی پنت - pixilation.

•جوڵاندن لەڕێگەی تیشکی سەرووەنەوشەیی - Ultraviolet animation.

•جووڵەی نیگاری - painted animation.

•وێنەی جوڵاوی سەرە دەرزی - pinhead shadow animation.

• جوڵەی بە پاستیل کێشراو - Pastel animation.

دەکرێت لەڕووی ماوەی بەرهەمیشەوە فیلم-کارتۆن بۆ چەند شێوەیەك پۆلێن بکەین: یەکێك لەوانە فیلم کارتۆنی یەك ئەڵقەیی، ئەمجۆرەیان چیرۆکێکی تەواوە و لەیەك ئەڵقەدا نمایشدەکرێت. ڕووداوەکانی لەبازنەی یەك بیرۆکەدا دەخولێنەوە، زۆرجار یەك ئامانجیشی هەیە و ڕێگەپێدراوە پاڵەوانی ناو فیلمەکە کەسایەتی مرۆڤ یان گیاندارەکان یاخود باڵندەکان بێت. جۆرێکی تر لە فیلم-کارتۆنی درامییە، لە لە زنجیرەیەک ئەڵقەی لەدوای یەکداهاتوو پێکهاتووە کە چیرۆکێکی لەخۆگرتووە، هەموو ئەڵقەیەکی بەخستنەڕووی کورتەیەك لەئەڵقەی پێشووتری دەست پێدەکات. جۆری سێهەمیان بریتیە لە چەند ئەڵقەیەك باس لەبیرۆکەیەك دەکات و چیرۆکەکانی جیاجیان، هەر ئەڵقەیەك باسکردنە لەڕووداوێکی دیاریکراو، دەکرێت منداڵ تەماشای یەك ئەڵقە بکات بەبێ ئەوە تەماشای ئەوەی پێشتر یاخود پاشتری بکات.[١٨]

فیلم-کارتۆن **لەسەر بنەمای دەنگیش** دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە:[١٩]

١- فیلم کارتۆنی بێ ئاخاوتن: ئەو جۆرە فیلم-کارتۆنەیە کە پشت بە وێنە دەبەستێت و ئاخاوتن و قسەی تیادانیە، وەك فیلم کارتۆنی بەناوبانگی (تۆم و جیری).

٢- فیلم کارتۆنی ئاخاوتندار: لەم جۆرە فیلم کارتۆنە هەم دەنگی ئاخاوتن هەم جوڵەی تیادا بەرجەستەدەبێت و دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:

- ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانەی کە بیانین و بە زمانی بیانیش پەخش دەکرێن.
- ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانەی کە بیانین و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی (کوردی- توێژەران).
- ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانەی کە هەر لەبنەڕەتدا بەرهەمی خۆماڵین و بە زمانی کوردی پەخش دەکرێن.

*** کاریگەری فیلم-کارتۆن لەسەر گەشە و پێگەیاندنی منداڵ.**

بۆئەوەی لە کاریگەری فیلم-کارتۆن لەسەر گەشە و پێگەیاندنی منداڵ تێبگەین، دەبێت باوەڕ بەوەبهێنین: فیلم-کارتۆن بنەمایەکە و منداڵ لەڕێگەیەوە فێردەبێت. ڕۆژانەش ئەو فیلمە بەرهەمهێنراوانە زیاد دەبن و منداڵەکانمان لەبەردەم شەپۆلێکی بەرفراوانی فیلم-کارتۆنی بەرهەمهێنراون کە بەشێکیان ئەفسانەیی و خەیاڵین.

فیلم-کارتۆن هاوکارە لەگەشەپێدانی عەقڵی منداڵ و پێگەیاندنی لەڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونی و هزری، هەروەها پشکدارە لەگەشەی بەهرە کۆمەڵایەتییەکان لەلای منداڵ و جوڵاندنی بەرەو هەستی هۆشیاری و ویژدانی و ڕۆشنبیری کە لای کەڵەکەبووە.

قۆناغی باخچەی منداڵان یاخود پێش چوونە قوتابخانە، قۆناغی سەرەتا و ئامادەکردنی منداڵە بۆ دەستپێکردنی ژیانی قوتابخانە، منداڵ پێویستی بەوەیە فێری پلان و خۆئامادەکردن بکرێت تا لەگەڵ کەشی قوتابخانە بگونجێت بشێت توانا و بەهرەکانی بەگەڕبخرێت و بیری بەشێوەیەکی ئامانجدار ئاراستەبکرێت تەندروستیەکی سەلامەتی جەستەیی و دەروونی ئامادەبێت.[٢٠]

فیلم-کارتۆن لەیەکەمین ئەو هۆکارانەیە منداڵ لەڕێگەیەوە فێر دەبێت، فیلم کارتۆن ئێستا لەهەموو ئامراز و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پەخش دەکرێت، تەنانەت ڕۆیشتووەتە سەر جانتای قوتابخانەی منداڵان و جلوبەرگەکانیان و تیانووسەکانیان. ئەفلاتۆن، دەڵێت: (چیرۆکخوانەکان حوکمی کۆمەڵگە دەکەن) لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەموو شت گۆڕاوە، چیرۆکخوانەکان کاریگەری زۆریان لەسەر جیهان هەیە وەکچۆن دەیبینین، بۆیە گرنگە ڕۆشنبیری و شوناسی منداڵ لەڕێگەی بەرهەمهێنراوی فیلم-کارتۆن بەزمانی خۆی بەهێز و پتەوبکرێت بەتایبەت لەڕێگەی بەرهەمهێنانی فیلم-کارتۆنی گێڕانەوەیی درێژ و مانادارەوە.

لەخوارەوە باس کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشە و پێگەیاندنی منداڵ دەکەین:

أ- **لایەنی ئەرێنی:** فیلم-کارتۆن خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی ئەرێنییە، گرنگترینیان ئەمانەن:[٢١]

**یەکەم:** لایەنی فێرکاری: دەکرێت منداڵ لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە فێری پیتەکان و ژمارەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان ببێت، بەوەش هاوکاری دەکات بۆ فێربوونی زمان.

**دووەم:** بەهای نیشتیمانی، فیلم-کارتۆن لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییە نیشتیمانییەکان و بە تیشك خستنەسەر پاڵەوانە نیشتیمانییەکان و بەرخۆدانیان لەپێناو نیشتیمان و ئازادی و گەشەپێدان و گەشەکردن خۆشەویستی بۆ نیتشیمان و بەها نیشتیمانییەکان لەلای منداڵ دروست دەکات.

**سێیەم:** ئاشناکردنی منداڵان بە ڕەوشت و بەهاکان: فیلم کارتۆن باس لە چاکە و خراپە و تێڕوانین بۆ هەر یەك لەو بەهایانە دەکات و منداڵ لەسەر جیاکردنەوەیان لەیەکدی ڕادەهێنێت.

**چوارەم:** پڕکردنەوەی هەندێك لەپێداویستییەکانی منداڵ بەتایبەت دەروونییەکان، پێداویستی گەڕان بەشوێن زانین، هاتنی شتی نوێ بۆ نێو ژیانی منداڵ، کێبڕکێ و حەزی سەرکەوتن و بردنەوە.

**پێنجەم:** لایەنی خۆشی بەخشین، فیلم-کارتۆن چێژ و خۆشی بەمنداڵ دەبەخشێت، دەیهێنێتە پێکەنین، چێژی ژیانکردنی لە ژینگەی جیاوازدا، پێ دەبەخشێت و خەیاڵی بەرفراوان دەکات.

**شەشەم:** منداڵ لەسەر گۆکردنی شێوە ستانداردەکەی زمان ڕادەهێنێت، بەدەر لەو شێوەزارە ناوچەییانەی لەناو خێزانەکاندا قسەیان پێدەکرێت، ئەوەش بۆ منداڵەکان، بە بەشێک لەگەشەی زانینیان هەژماردەکرێت.

**ب-لایەنی نەرێنی:** تەماشاکردنی فلیم-کارتۆن چەندین شوێنەواری نەرێنی لەسەر لایەنەکانی ژیانی منداڵان هەیە:[٢٢]

یەکەم: شوێنەوارە ڕەوشتی و پەروەردەییەکان:

- هەندێك فیلم-کارتۆن منداڵان هاندەدات گوێڕایەڵ نەبوون بە بەخێوکەر و مامۆستاکانیانەوە.
- هەندێکجار زمانی نەگونجاو لە بەرهەمهێنانی فیلم-کارتۆنەکان بەکاردەهێنرێت و لەداهاتوودا؛ کاریگەریە نەرێنییەکانی لەسەر منداڵان دەردەکەوێت.
- منداڵ فێری گۆشەگیری و ڕەفتاری نامۆ دەکات و لە سۆز و دنیای منداڵی دووریدەخاتەوە.

دووەم: شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکان:

- هاندانی منداڵ بۆ نواندنی ڕەفتاری شەڕەنگێزی.
- هاندانی منداڵ بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی بەمەبەست و بێمەبەست.
- دەشێت زۆرجار تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن منداڵ بەرەو کەسایەتیەکی خراپ ئاراستە بکات و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابنێت.

سێیەم: شوێنەوارە دەروونی و تەندروستییەکان:

- زۆر تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن کاریگەری هەیە لەسەر کزبوونی توانای بینین لای منداڵ.
- بەردەوام تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ئاگایی و دیقەتی منداڵ لاواز دەکات.
- تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی چالاکیە پێویستەکان بۆ منداڵ، لەوانە: ئەنجامدانی وەرزش و ئەو یاریانەی کە گەشە بەتوانا خودییەکانی دەدات.
- کەمکردنەوەی کارلێك و بەرکەوتن و تێکەڵبوونی منداڵ بە خێزان و کۆمەڵگە.
- دروستبوونی کەمتەرخەمی و دواکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە و تێکچوونی ماوەکانی پشوو و نووستن.

* **پێوەرەکانی پەخشکردنی فیلم-کارتۆن بۆ منداڵ.**

**یەکەم: پێوەرە جیهانییەکان:**

**أ- پێوەرەکانی دەستەی نیشتیمانی فێرکردنی منداڵ (NAYC).[٢٣]**

١.فیلم-کارتۆن منداڵ ناوەرۆکەکەی باش یاخود خراپ تەنانەت بێزراویش بێت، دەبێت منداڵ بجوڵێنێت توانای عەقڵی بۆ تێگەیشتن لێی بەکاربهێنێت.

٢.منداڵان لەتێگەیشتندا لەیەك ئاستدا نین، دەبێت لەبەرهەمهێنانی فیلم-کارتۆن ئەو لایەنە لەپێشچاوبگیرێت.

٣.منداڵ ئەوەی کە دەیبینێت بەرێگەی جیاواز پراکتیزەی دەکات.

٤.منداڵ پێویستی بەدەستگیرۆیی تێگەیشتووان هەیە لە پرۆسەی تێگەیشتن لەماندا.

٥.بیرکردنەوەی منداڵ و گەورەکان لەیەکدی جیاوازن، منداڵەکان بیرکردنەوەیان لەسەر ئاستی گەشەکردنیان بونیاد دەنێن.

٦.ناکرێت بیرۆکەیەك لەعەقڵی منداڵدا بچێنرێت لەرێگەی شیکردنەوەی بە[illegible] بیرۆکە لەهزری منداڵ و پە[illegible]

٧.گفتوگۆ لەگەڵ منداڵ دەبێت لەسەر بنەمای وەرگرتن و بەخشین بێت.

٨.ناکرێت دوو هەڵوێستی هاوشێوە لەیەك کاتدا بۆ فێرکردنی منداڵ بخرێتەڕوو.

**ب- پێوەرەکانی بەڕێوەبردنی فیدراڵی بۆ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن (FCC) کە لەلایەن کۆنگرێسی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بڕیاری لەسەر دراوە:[٢٤]**

**یەکەم: پێوەرەکانی تایبەت بەوێستگە تەلەڤزیۆنییەکان:**

١.وێستگەکان پابەندن بەپەخشکردنی بەرنامەی ئامانجدار بەمەرجێك ماوەکەیان لەسێ کاتژمێر زیاتر نەبێت لەڕۆژێکدا.

٢. وێستگەکان پابەندن بەپێدانی زانیاری سەرەتایی بەدایکان و باوکان بەئامانجی بەرنامەکان و کاتی پەخشکردنیان.

**دووەم: پێوەرەکانی تایبەت بەپرکردنەوەی پێداویستییە سۆزداری و کۆمەڵایەتی و زانینکارییەکانی منداڵ:**

١. ئامانجی سەرەکی پرکردنەوەی پێداویستی فێرکردن و میدیایی بێت.

٢. ماوەی پێشکەشکردن لە (٣٠) خوولەك کەمتر نەبێت.

٣. کاتی پەخشکردن لەماوەی نێوان کاتژمێر حەوتی بەیانیان بۆ کاتژمێر (١٠)ی شەوان بێت.

٤. دەبێت بەرنامەکان لەکاتی ڕێکخراودا دووبارە بکرێنەوە.

٥.دەبێت ئەو بەرنامانەی بۆ منداڵ پێشکەش دەکرێن، تایبەت بن بە فێرکردنی منداڵ.

## دووەم: ڕۆڵی فیلم-کارتۆن لەوەرگرتن و گەشەی زمان لەلای منداڵ.

*** دەروازەیەك لەبارەی وەرگرتنی زمان:**

لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە زاراوە ئینگلیزییەکانی (Language Development –First language Learning- Language Acquisition) چەند زاراوەیەك بەکارهاتووە، لەوانە:(زمان

پژان، گەشەی زمانی، زمان وەرگرتن، فێربوونی زمانی یەکەم) هەرچەندە ئەم زاراوەو چەمکانە بەگشتی باس لەو هەنگاو و قۆناغانە دەکەن کەمنداڵ بۆ فێربوونی زمان دەیانبڕێت، بەڵام هەریەك لەو زاراوانە لە ڕووی واتاوە مەبەستێکی تایبەتیان هەیە[٢٥]، چەمکی (زمان پژان) بەواتای پرکردنەوەی ڕێزمانە تایبەتییەکەی منداڵ دێت پێش ڕێزمانە گشتییەکەی، کە تیایدا منداڵ پێش ئەوەی توانای دەربڕین و فێربوونی یەکەم وشەی هەبێت لە گەشەکردندا بە قۆناغێکی درێژدا تێدەپەڕێت، لەلەدایکبوونیەوە لە قۆناغی پێشزمانیدا، وەك گشت بوونەوەرەکانی تر دەربڕی هەندێك دەنگی سروشتییە، کە بەسەرەتای پەیوەندیکردنی بەدەوروبەرەوە دادەنرێت[٢٦]. چەمکی (گەشەی زمان)، واتە: گەورەبوون و نەشونماکردن لەسەر بنەمایەکی هەبوو، زیاتر زاراوەکە لەبواری دەروونزانیدا بەکاردەهێنرێت و جەخت دەکاتەوە لەسەر هۆکاری لاسیکردنەوە و فێربوون لە زماندا، هەرچی چەمکی (فێربوونی [illegible]) دەبینێت، کە منداڵ لە ڕێگەی چاولێکەری و سەرنجدانی دەوروبەروە ڕۆژبەڕۆژ فێریدەبێت[٢٧]، هەروەها (وەرگرتنی زمان) پرۆسەیەکی ناهەستییە، کە تیایدا تاك لە هەلومەرجێکی سروشتیدا؛ فێری زمانی دایکی دەبێت، بێ ئەوەی درك بەمە بکات و بەبێ ئەوەی ئەزموونی فێرکردنێکی تایبەت و پلان بۆ داڕێژراو ببینێت، کە دەڵێین وەرگرتن مەبەستمان وەرگرتنی زمانە لای منداڵ، بەبێ ئەوەی یاسای ڕێزمانی و ڕێگاکانی فێربوونی زمان بخوێنێ؛ وەریدەگرن و فێری دەبن، بە پشتبەستن بەخۆیان و بەو هێز و توانایەی کە خودا پێیبەخشیون.

(بەدەستهێنانی زمان) بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت:**language** **acquisition**)ئەوە پرۆسەیەیە تیایدا مرۆڤ توانای پێشوازیکردن و تێگەیشتنی لەزمان وەردەگرێت، هەروەك توانای وەبەرهێنانی وشە و رستەی لا پەیدا دەبێت، بەمەبەستی لەیەکتر گەیشتن.

زاراوەی (بەدەستهێنانی زمان)، هایپۆنیمکە بەرانبەر بە زمانپژاندنی منداڵ و فێربوونی زمانێکی بیانی بەکاردێت، هەردوو چەمکەکە لەخۆدا هەڵدەگرێت، کە دوو پرۆسەی جیان و هاوبەشی بنەڕەتیشیان هەیە، واتە زمان وەرگرتن بە واتا گشتییەکەی بەکاردێت بەرانبەر بە وەرگرتنی زمانی یەکەم/ فێربوونی زمانی یەکەم.[٢٨]

وەرگرتنی زمان بەشێوەیەکی گشتی زمانی یەکەم دەگرێتەوە، بەدوایدا زمانی دووەم و سێیەم دێت، چ لای منداڵ و چ لای کەسانی پێگەیشتوو، کەواتە: منداڵ لەسەرەتادا زمانی دەپژێت و لە ڕێگەی لاساییکردن و وەرگرتنی زمان لەدەوروبەرییەوە فێری زمان دەبێت و هەموو ئەوانەش قۆناغ بە قۆناغ ڕوودەدەن و گەشەی زمانیی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی بەگشتی هەموو پرۆسەکان تەواوکەر و تێهەڵکێشی یەکترن، بەڵام ئەگەر هەندێك وردتر بینەوە لەم توێژینەوەیەماندا ئەوەی مەبەستمانە هەنگاوەسەرەتاییەکانی زمان پژان نییە، چونکە منداڵانی تەمەن (دوو)ساڵ بەسەرەوە، وەکوو مشتەی

توێژینەوەکە وەرگیراون، زۆرتر مەبەستمان لە وەرگرتنی زمان، فێربوون و گەشەی زمانە.

*** تیۆرەکانی بەدەستهێنانی زمان لەلای منداڵ:**

پسپۆران باسیان لەچەندین ڕێگە بۆ فێربوونی زمان لای منداڵ کردووە و چەند تیۆرێکی جیاجیان بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانکردووە، لەخوارەوە بەکورتی دیارترین تیۆرو و کرۆکی هەریەکەیان بەپوختی دەخەینەڕوو.

١- تیۆری ڕەفتارییەکان (Behaviorism Theory):[٢٩] ئەم تیۆرییە جیاوازییەکی چۆنایەتی لەنێوان مرۆڤ و گیانلەبەردا ناکات، تەنها لایەنە بینراوەکانی بوونەوەر لەبەرچاودەگرێت و لە فێربوونی زمان دەکۆڵێتەوە، وەك هەر ڕەفتارێکی دەرەکی هاوشێوەی هەموو ڕەفتارە داینەمیکییەکانی دیکەی مرۆڤ، بەپێی ئەم قوتابخانەیە سێ جۆر فێربوون جیاکراوەتەوە ئەوانیش:

- فێربوونی کۆمەڵایەتی: کە تیۆری لاسایکردنەوە دەگرێتەوەو لەزمان دەکۆڵێتەوە، وەکوو دابوونەرێت.
- فێربوونی مەرجی کلاسیکی: پێیوایە فێربوونی زمان لە ڕێگەی وروژێنەرو وەڵامدانەوەیە، کە خۆی لە کارەکانی واتسن و بلۆمفیلد دەبینێتەوە.

فێربوونی مەرجی نواندنی/ ئەزموونبەندکاریی: پێیوایە فێربوونی زمان لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە دەبێت، پاداشتکردنیش ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. لەلایەن زانا (سکینەر – Skinner) دانراوە، لایەنگرانی ئەم تیۆرە وەرگرتنی زمان دەگەڕێننەوە بۆ فێربوونی تاك بەهۆی ژینگەی دەوروبەرەوە لە ڕێگەی کرداری (التعزیز) واتە: (پاڵپشتی)، کە دایکان و باوکان لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ئەو وشەیە لای منداڵەکە پتەودەکەن.[٣٠]

٢- **تیۆری عەقڵگەرایی (Rationalism Theory):** تیۆری زمانی خۆڕسك (الفطریة)شی پێدەڵێن،ئەم تیۆرە لەلایەن زانا (Chomsky) پشتیوانی لێدەکرێت، بەپێی ئەم تیۆرە منداڵ کە لەدایکدەبێت ئامادەیی تێدایە بۆ وەرگرتنی زانیاری و لەوانەش زمان، هەروەها دەڵێت ئەوە منداڵەکە خۆیەتی کە داهێنان دەکات لە وشەکان و تێگەیشتن لە دەربڕینەکان تەنانەت ئەگەر وشەکە نوێش بێت.[٣١]

بیرۆکەی ئەو تیۆرەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە: زمان بەتوندی بەستراوە بە مرۆڤەوە، هەڵبەت زمان بە مانا گشتییەکەی، نەك زمانێکی تایبەتی (LAD) کە پێکهاتو

٣- **تیۆری درکپێکردن/ مەعریفی (Cognitive Theory):**
بەپێی ئەم تیۆرییە زمان وەرگرتن بریتیە لە گەشەکردنی توانستی زمانیی، واتە: زمان لە ئەنجامی کارلێك و کاریگەری نێوان توانست، ئامادەیی منداڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و زیاتر پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، وەك لەوەی کارێکی هەڵهێنجان بێت، وەك تیۆرییەکەی چۆمسکی ئاماژەی بۆ دەکات. لە گرنگترین ئەو تیۆرانەی کە لەم قوتابخانە ڕێچکەی گرتووە تیۆرییەکەی (پیاجە – Piaget) یە.[٣٣]

لە ئەنجامی وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەو تیۆریانەی کە لەسەرەوە باسمانکرد، دەکرێت بگوت هەبێت، هەروەکوو چۆن بەپێی تیۆری درکپێکردن ئامادەیی منداڵ ڕۆڵی هەیە بۆ فێربوون. بۆیە دەتوانین بڵێین: لەم توێژینەوەیەدا پشت بەهەموو تیۆرەکان بەستراوە.

*** گەشەی زمان لای منداڵی تەمەن (٢-٦) ساڵ.**

گەشەی زمانی لەلای منداڵ بەشێکی گرنگە لەگەشەی عەقڵی، هاوکاری دەکات لەگەشەی مەعریفی، چونکە زمان پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە.[٣٤] لەگەڵ ئەوەشدا زمان ڕوویەکە لەڕووکارەکانی گەشەی عەقڵی و ئامرازێکی گرنگە لەئامرازەکانی بیرکردنەوە، تەمەنی منداڵی باشترین تەمەنە بۆ فێربوون و دەوڵەمەندکردنی لایەنی زمانی، منداڵ هەوڵ دەدات لەو قسانە تێبگات کە لەتاکەکانی دەوروبەریەوە دەیبیستێت، پرۆسەی تێگەیشتن دوای گوزارشتی دروستی زمانی دێت، منداڵ هەوڵ دەدات ئەو گوزارشت و مانایانەی پێی دەگات پێکەوەیان گرێ بدات و ڕستەیەکی لێ دروست بکات کە مانادار بێت. گەشەی زمانی منداڵ لەو تەمەنەدا بەوەناسراوە کە زۆر خێرایە لەڕووی دەربڕین و تێگەیشتنەوە، هەر لەم قۆناغەدا؛ منداڵ زۆرترین ڕێژە لە وشە و تێگەیشتن لەماناکانیان و پێکەوەگرێدانیان لە ڕستەیەکی مانادار فێردەبێت. گومانی تێدانیە بەبەرکەوتنی منداڵان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لایەنی گەشەی زمانی چالاکتر دەبێت.[٣٥]

سەرچاوە زانستییەکان باس لەوەدەکەن گەشەی زمان لەلای منداڵ بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، لەوانە:[٣٦] قۆناغی یەکەم: **گریان**، لەم تەمەنەدا؛ منداڵ گریان، وەك ئامرازێك بۆ پڕکردنەوە و داواکردنی پێداویستیەکانی بەکاردەهێنێت. قۆناغی دووەم: **گرۆگاڵ**، منداڵ هەندێك دەنگ دەردەکات، لەڕێگەیەوە کاردانەوەی دەوروبەرەکەی دەزانێت. قۆناغی سێیەم: **لاساییکردنەوە**، لەم قۆناغەدا منداڵ لاسایی دەنگی دەوروبەرەکانی دەکاتەوە بەو ئامانجەی بگات بەوان. قۆناغی چوارەم: **هێما**، منداڵ لەئاماژە و هێماکان تێدەگات پێش ئەوەی لەزمان تێبگات و بەکاری بهێنێت.

ئەگەر سەرنج بدەین لەقۆناغی باخچەی منداڵان گەشەیەکی زۆر خێرا لە فەرهەنگی زمانی منداڵ دروست دەبێت: هەڵکشان بەڕێژەی وەرگرتنی وشەکان، بۆنموونە هەندێك: لەتوێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن منداڵ تا تەمەنی سێ ساڵی، (٨٨٦) لەیادگەی هەڵدەگیرێت، (لە تەمەنی چوار ساڵیدا ١٥٤٠ وشە فێردەبێت، لە پێنج ساڵیدا، ژمارەی وشەکان لە یادگەی منداڵدا دەگەنە ٢٠٧٢ وشە. ئەو ماوەیە بەوە ناسراوە کە منداڵ گەشەی زمانی زۆر چالاکانەیە بەتایبەت لە کۆتاییەکانیدا، کە ژمارەی وشە هەڵگیراوەکان لە مێشکیدا دەگەنە زیاتر لە هەزار ناو و فرمان و پیت، لەتەمەنی سێ ساڵیدا ژمارەکان زۆر زیاتر دەبن و منداڵ هەوڵ بۆ فێربوونی ڕێزمانی زمان دەدات، بۆ نموونە فێربوونی تاك و کۆ، تا لەڕستەیەکی تەواودا بەکاریبهێنێت، لەتەمەنی چوار ساڵیدا ئیدی توانای زمانی ئەوەی لەلا دروست دەبێت لەگەڵ لەخۆی گەورەتر بکەوێتە گفتوگۆ و وەڵامدانەوە، بەشێوەیەکی سادە

پەسنی وێنە دەکات، هەروەها لەتەمەنی پێنج ساڵیدا جیاوازی لەنێوان جۆری پیتەکانیش دەکات لەدروستکردنی ڕستەدا. یەکێك لەزاناکان لەتوێژینەوەیەکیدا باس لەوەدەکات (٥٤-٦٠%)ی ئەو وشانەی منداڵ لەتەمەنی (٣-٥)ساڵ بەکاریاندەهێنێت، ئەو وشانەن کە تایبەتن بەخودی خۆی، لەو تەمەنەش بەسەرەوە بەتایبەت لە (٥-٦)ساڵ ئەو وشانە بەکاردەهێنێت کە پەیوەستن بەکۆمەڵ و دەوروبەرەکەی.[٣٧]

*** ڕەنگدانەوەی کاریگەری فیلم کارتۆن لە ئاستەکانی زمان لای منداڵ:**

**یەکەم: لە ئاستی دەنگ:** لە نێوان تەمەنی (٣-٦) ساڵیدا دەزگای دەنگیی منداڵ گۆڕانێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، (منداڵ لە لەدایکبوونییەوە لە قۆناغی پێشزمانیدا، وەك گشت بوونەوەرەکانی تر دەربڕی هەندێك دەنگی سروشتییە کەبەسەرەتای پەیوەندیکردن بەدەوروبەرەوە دادەنرێت، بەڵام ئەو دەنگە سروشتییانە بەشێك نابن لە پەیڕەوی زمانی داهاتووی، واتە: بەردەوام نابن، گەر بەردەوامیش بن نابنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی)[٣٨] دواتر دەنگەکانی منداڵ بەپێی گەشەکردنی تەمەنی گۆڕانیان بەسەردا دێت و گەشە دەکەن بەشێوەیەك منداڵ هەندێك دەنگ دەردەبڕێت کەپێشتر نەیدەتوانی بەجوانی دەریانبڕێت و لەکاتی دەربڕینی هەندێك وشە دەنگێك یان زیاتر لەدەنگێك دانیپادانانێت، یاخود ئاڵوگۆڕ لە جێگای پیتەکان دەکات لەکاتی دەربڕیندا وەکو (پرتەقاڵ= پتەکاڵ).[٣٩]

**دووەم:** لەئاستی ڕستەسازی و ڕێزمان: لەبەر ئەوەی ڕێزمانی گشتی لای منداڵ بوونی هەیە بۆیە پێکهێنانەوە بۆ مۆرفۆلۆجی سینتاکسیش دەبێت، ئەویش بەو پێیەی ئەو دوو پێکهاتەیە خاوەنی کەرەستەو یاسا و ڕیسای تایبەت بە خۆیانن، بەڵام دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە لێکدانەوەی نیشانە و سیمای فۆنیمەکان لە ریگای وشەکانەوە وەردەگرێت و بەرجەستە دەکات، ئەویش بەوپێیەی یەکێك لە قۆناغەکانی زمانپژان منداڵ قۆناغی یەك وشەیە.[٤٠]

**گوزارشتی زمانی منداڵ لەو تەمەنەدا بە دوو قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:**[٤١]

**أ: قۆناغی ڕستەی کورت:** لەتەمەنی سێ ساڵیدا دەستپێدەکات، لەسەرەتادا ڕستەکان لە شێوەی مۆرفۆسینتاکسن وپاشان بەرە بەرە دەبنە رستەی سادە و کورت کە لە (٣-٤) وشە پێکدێن، ئەم رستانە لەڕووی ڕۆڵبینین و تێگەیاندنی بەرامبەر تەواون، بەڵام لەرووی ڕستەسازی و ڕیزمانیەوە دروست نین.

**ب: قۆناغی ڕستەی درێژ:** لەتەمەنی چوار ساڵی دەستپێدەکات، ڕستەکان لە (٤-٦) وشە پێکدێت، ڕستەکان تەواو دروستن، بەشەکانی ئاڵۆزن و وردی لەدەربڕینیان هەیە.

ئەو قۆناغانەی منداڵ بۆ فێربوونی زمان پێیدا تێپەڕدەبێت لەهەمموو جهان وەك یەکە، منداڵێك لەتەمەنێکدا فێری دەربڕینی پیتەکان و لەتەمەنێکی تردا فێری وشەکان و دروستکردنی ڕستە دەبێت، بەڵام دەبێت بزانین منداڵان لەتەمەنی یەك ساڵیدا لەگەشەی زمانیدا، وەك یەك نین:[٤٢] ئەگەرچی منداڵان زمان لە دەوروبەرەوە وەردەگرن و بەکاریدەهێنن بەبێ ئەوەی بزانن ڕێزمان و یاسا و ڕیسای ئەم زمانە چیە، بەڵام زۆرجار لەبەکارهێنانی جێناوەکان و ناسینەوە و جیاکردنەوەی ناو، ئاوەڵناو و کردار.. هتد، تێکەڵهیییەك دروستدەبێت لایان، لێرەدا ڕووبەرووی پرسیارێك دەبینەوە ئەویش: (منداڵان چۆن فێری دەربڕینی ڕستەی گونجاو و تەواو دەبن؟) بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، ئاماژە بە سێ بۆچوون دەکەین، ئەوانیش:[٤٣]

أ- ژینگەی دەوروبەر منداڵ ئامادە دەکات و هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی ئەو رستانە بەجوانی دەربڕن و فێربن، چۆن ئەو وشانە بە گونجاوی و لە جێگای خۆیان ڕیزبکەن، ئەمەش لە ڕێگای چاولێکەری و گوێگرتن و لاساییکردنەوە فێردەبن، بەڵام ئایا رستەکان وەکوو وشەکان لەفەرهەنگی مێشك تۆماردەکرێن و هەڵدەگیرێن؟ ئایا ئەو ڕستانەی لە مێشکدا تۆمارکراون، هەمان ئەوانەن کە منداڵەکە بەکاریاندەهێنێتەوە، یاخود ڕستەی نوێن؟

ب- بۆچوونی دووەم پێیوایە دەربڕین وڕێکخستنی ڕستەکانی زمان بەشێوەی درووست و گونجاو، پێویستە لە ڕێگای فێربوونی ڕێزمانەوە دەستەبەربکرێن، بەڵام لاوازی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە منداڵان پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە ڕستەکان بەجوانی دەدرکێنن و هەڵەش ناکەن.

ت- بۆچوونی سێیەم پێیوایە منداڵان ئامادەییان تیادایە بۆ فێربوون و وەرگرتنی زمان و لە ڕێگای گۆێگرتن و تێبینیکردنی دەوروبەرەوە، زمانی دروست و گونجاو و رێزمانی دروست فێردەبن، ئەمەش کەوتووەتە سەر ئەوەی تا چ ئاستێك ئەو منداڵانە گوێیان لە زمانی پاراو دروستدەبێت، بەوپێیەی فیلم کارتۆن بەشێکی کارایە لە ژینگەی دەوروبەری منداڵ، ئەوەی تێبینی کراوە لەلایەن توێژینەوەکانی پێشوو، منداڵان لە ڕێگای سەیرکردنی فیلم کارتۆنەکانەوە توانیویانە بەشەئاخاوتنەکان و جێناوەکان بە گونجاوی و لە شوێنی گونجاوی خۆیان لەڕستەدا بەکاربهێنن.

**سێیەم: ئاستی واتا:** منداڵ کە لەدایکدەبێت ئامادەیە بۆ وەرگرتن و دەربڕینی زمان، تەنها پێویستی بە دەوروبەرێکە کە تیایدا گوێی لە زمان بێت و وەریبگرێت، واتە ئەو زمانەی کە لەدەوروبەریەتی ئەوە وەردەگرێت و ڕێزمانەکەی لە مێشکیدا جێگیردەبێت[٤٤]، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە زانیاری بەشێوەیەکی خێرا و فراوان لە جهاندا بڵاودەبیتەوە، منداڵیش بەشێکە لەو جهانەی کە ئامرازەکانی راگەیاندن

بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی هۆکارێکی سەرەکین لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان، منداڵان ڕۆژانە پەیوەندی

بەهێز و ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ تەلەڤزیۆندا، لەڕێگایەوە وشە و زاراوەکان فێردەبن.[٤٥]

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو دەریانخستووە کە دەستکەوتە زمانییەکان لە دانە فەرهەنگییەکاندا روو لە زیادبوون دەکەن، لە نێوان ساڵێك و ساڵێکی دواتری تەمەنی منداڵ، واتە ئەگەر لەتەمەنی (٩ –١٢) مانگیدا (٣ - ١٠) وشە بدرکێنێت ئەوا لەتەمەنی (٣٦) مانگیدا ئەو ژمارەیە دەگاتە (٢٠٠) وشە.[٤٦]

کاتێك فیلم-کارتۆنێك لە تەلەڤزیۆندا بەزمانێکی پاراو پەخشدەکرێت، ئەوا کاریگەری لەسەر زمانی منداڵ دروستدەکات و بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو منداڵە فەرهەنگی ئاوەزیی دەوڵەمەند دەبێت، چونکە منداڵ بەپێی سروشتی خۆی، لە قۆناغەکانی وەرگرتنی زماندا پشت بە ڕێگای لاسایکردنەوە دەبەستێت لەو شتانەی کە دەیبیستێت، بەپێی توێژینەوەیەك کە لەلایەن: (هۆستون، رایت، ریاکز و کیرکمان)هوە ئەنجامدراوە، بەبەراوردکردنی کۆمەڵێك منداڵی تەمەن (٣-٥) ساڵ و خستنە ژێر چاودێری و تێبینیکردن لەسەریان، ئەوە سەلمێنراوە کە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و فیلم کارتۆن کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر دەسکەوتە زمانییەکانیان.[٤٧]

لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون، دەرکەوتووە لەڕێگای تەماشاکردنی بەردەوامی فیلم-کارتۆنەوە، منداڵان فەرهەنگیان بەشێوەیەك دەوڵەمەند دەبێت کە تەنانەت زۆرجار ئەو وشانە پێشتر لە ناوخێزانیشدا بەکارنەهێنراون و نوێن، لە تەلەڤیزیۆنەوە فێریان دەبێت و دەیاندرکێنێت و بەکاریان دەهێنێت، ئەو وشانەش دەکرێت:

١- وشەی بەرجەستەبن، وەك: وشەکانی: (گۆی زەوی، باخچەی ئاژەڵان...هتد).

٢- وشەی واتایی و نا بەرجەستە بن، وەك: (بیرۆکە، دەستپاکی... هتد).

*** ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ هەیە:**

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر منداڵ کراون لە نێوان کۆمەڵگە جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا ئەوە دەردەخەن کە قۆناغی گەشەکردنی زمان لەناو هەموو کۆمەڵگەکان وەکوو یەکن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی هەیە لە نێوان خودی منداڵەکان لە ڕووی چۆنییەتیی گەشەکردن و ژمارەی وشە فەرهەنگییەکان کە منداڵەکە دەیانزانێت ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

١- ڕادەی گەشەکردنی هۆشەکی و زیرەکی منداڵ.
٢- ڕەگەز.[٤٨]
٣- ریزبەندیی منداڵ لە نێوان خوشك وبراکانی.
٤- ژمارەی ئەندامانی خێزان.
٥- ئاستی رۆشنبیری و پیشەی ئەندامانی خێزان.
٦- سروشتی پەیوەندییە خێزانییەکان.
٧- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن: ڕۆڵی گرنگیان لە وەرگرتنی وشە و دەربرین لەلای منداڵ هەیە.
٨- چیرۆك و گێڕانەوە.
٩- **سێیەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرتوێژان**

تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرتوێژانی توێژینەوەکە دایك و باوکی ئەو منداڵانەن کە تەمەنیان لەنێوان (٢-٦) ساڵیدایە و مامۆستان لەزانکۆی گەرمیان.

**١- ڕەگەزی بەرتوێژان:**

بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەپێی (ڕەگەز) دابەش دەبن بەسەر: ڕێژەی (٣٩.٤%) **نێر** و ڕێژەی (٦٠.٦%). بڕوانەی خشتەی (١).

**خشتەی (١): ڕەگەزی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ڕوون دەکاتەوە.**

| ڕەگەز | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| **نێر** | ١٣ | ٣٩.٤ | دووەم |
| **مێ** | ٢٠ | ٦٠.٦ | یەکەم |
| **کۆی گشتی:** | ٣٣ | ١٠٠ | |

**باری شارستانی بەرتوێژان:**

بەرتوێژانی توێژینەوەکە لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (١٠٠%) لەڕووی باری شارستانییەوە **هاوسەردان**. بڕوانە خشتەی (٢).

**خشتەی (٢): باری شارستانی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ڕوون دەکاتەوە.**

| باری شارستانی | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| **هاوسەردار** | ٣٣ | ١٠٠ | یەکەم |
| **جیابووەوە** | - | - | دووەم |
| **هاوسەر مردوو** | - | - | دووەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٣ | ١٠٠ | |

**٣- ژمارەی منداڵی بەرتوێژان:**

زۆرینەی بەرتوێژان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٤٢.٤%) دوو منداڵی تەمەن (٢-٦) ساڵیان هەیە، لەپلەی دووەم بەرێژەی (٢٤.٢%) تەنها یەك منداڵیان لەو تەمەنە هەیە و پلەی سێیەمیش (سێ منداڵ) بەرێژەی (٢١.٢%) هاتووە و پلەی چوارەم و کۆتاییش (چوار منداڵ و سەرووتر) بەرێژەی (١٢.١%) دێت. بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣): ژمارەی منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.**

| ژمارەی منداڵ | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| یەك منداڵ. | ٨ | ٢٤.٢ | دووەم |
| دوو منداڵ. | ١٤ | ٤٢.٤ | یەکەم |
| سێ منداڵ. | ٧ | ٢١.٢ | سێیەم |
| چوار منداڵ و زیاتر | ٤ | ١٢.١ | چوارەم |
| کۆی گشتی: | ٣٣ | ١٠٠ | |

**٤- تەمەنی منداڵی بەرتوێژان:**

زۆرینەی منداڵی بەرتوێژان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (١٨.٢%) تەمەنیان پێنج ساڵ دەبێت، پلەی دووەم (پێنج ساڵ و شەش مانگ) بەرێژەی (١٥.٢%)، پلەی سێیەم (دوو ساڵ) بەرێژەی (١٢.١%) و پلەی چوارەم (دوو ساڵ و شەش مانگ) بەرێژەی (٩.١%) و پلەی پێنجەم و کۆتاییش (سێ ساڵان و شەش مانگ) بەرێژەی (٦.١) دێت. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤): تەمەنی منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.**

| تەمەنی منداڵ | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| دوو ساڵ | ٤ | ١٢.١ | سێیەم |
| دووساڵ و شەش مانگ. | ٣ | ٩.١ | چوارەم |
| سێ ساڵ. | ٣ | ٩.١ | چوارەم |
| سێ ساڵ و شەش مانگ. | ٢ | ٦.١ | پێنجەم |
| چوار ساڵ. | ٤ | ١٢.١ | سێیەم |
| چوار ساڵ و شەش مانگ. | ٣ | ٩.١ | چوارەم |
| پێنج ساڵ. | ٦ | ١٨.٢ | یەکەم |
| پێنج ساڵ و شەش مانگ. | ٥ | ١٥.٢ | دووەم |
| شەش ساڵ. | ٣ | ٩.١ | چوارەم |
| کۆی گشتی: | ٣٣ | ١٠٠ | |

## چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان

تەوەری یەکەم: تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لەلای منداڵان.

١- **ئاستی تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لەلای منداڵ.**

زۆرینەی منداڵی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان کەتەمەنیان لەنێوان (٢-٦ ساڵ)دایە، لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٦٠.٦%) **هەندێکجار** تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن، هەروەها (٢٧.٣%)یان لەپلەی دووەم بەشێوەی **هەمیشەیی** و پلەی سێیەمیشیان بەشێوەی **دەگمەن** بەرێژەی (١٢.١%) دێت. ئەو ئەنجامە پیشانی دەدات: جۆری تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەلای منداڵان بەپێی کات و بارودۆخ ڕێژەکەی دەگۆڕێت و کاتێکی دیاریکراو و ڕێکخراویان بۆ تەماشاکردن نییە، سەرباری ئەوەش ڕادەی سەیرکردنیان بۆ ئەو بەرهەمە میدیاییە لەئاستێکی بەرزدایە. بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥): ئاستی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لای منداڵان ڕووندەکاتەوە.**

| ئاستی تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن. | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | ٩ | ٢٧.٣ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **هەندێکجار** | ٢٠ | ٦٠.٦ | یەکەم |
| **بەدەگمەن** | ٤ | ١٢.١ | دووەم |
| **کۆی گشتی:** | ٣٣ | ١٠٠ | |

**٢- ئامێر و ئامرازی بەکارهاتوو بۆ تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن**

زۆربەی منداڵی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٤٣.٨٥%) **تەلەفزیۆن** بۆ تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن بەکاردەهێنن، پلەی دووەم بەرێژەی (٣٦.٨٤%) ئامێری **مۆبایل**، لەپلەی سێیەم **تابلێت (ئایپاد)** بەرێژەی (١٠.٥٢)، هەروەها **کۆمپیوتەر** لەپلەی چوارەم و بەرێژەی (٧.٠١%)، ئامێری **یاریە ئەلیکترۆنییەکان** لەپلەی پێنجەم و بەرێژەی (١.٧٥%) و ئامێری **ڤیدیۆ سی دی و دی ڤی دی** .ش لەپلەی شەشەم و کۆتایی دێت و هیچ منداڵێك بۆ تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن بەکارناهێنێت. لەو ئەنجامانەوە ڕوون دەبێتەوە: تەلەڤزیۆن و بەدوایشیدا مۆبایل کاریگەرترین ئامێر و ئامرازی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنن بۆ سەیرکردنی فیلم-کارتۆن و ئەوەش بۆ ئەو تایبەتمەندییە جۆربەجۆرانە دەگەڕێتەوە کە لەهەریەك لەو دوو ئامێر و ئامرازەدا هەیە، هەروەها ئاماژەیە بۆ زۆری تەماشاکردن و بەکارهێنانی هەریەکەیان لەلای منداڵان بۆ مەبەستی جۆراوجۆری تر. بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی (٦): ئامێر و ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لای منداڵانی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.**

*بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

| **ئامێر و ئامرازی بەکارهاتوو بۆ تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن.** | **ژمارە** | **%** | **پلەکان** |
|---|---|---|---|
| **تەلەڤزیۆن** | ٢٥ | ٤٣.٨٥ | یەکەم |
| **مۆبایل** | ٢١ | ٣٦.٨٤ | دووەم |
| **تابلێت (ئایپاد)** | ٦ | ١٠.٥٢ | سێیەم |
| **کۆمپیوتەر** | ٤ | ٧.٠١ | چوارەم |
| **ڤیدیۆ سی دی و دی ڤی دی** | - | - | شەشەم |
| **یاریە ئەلیکترۆنییەکان** | ١ | ١.٧٥ | پێنجەم |
| **کۆی گشتی:** | ٥٧ | ١٠٠ | |

**٣- ڕادەی تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لەڕۆژێکدا.**

زۆرتربنی منداڵانی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٣٦.٤%) ڕۆژانە بۆ ماوەی (١– ٢) کاتژمێر تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن، (٣٣.٣%) لەپلەی دووەم و سێ کاتژمێر بۆسەرەوەش لەپلەی سێیەم و کۆتایی بەرێژەی (٣٠.٣%) دێت. بەپێی ئەنجامەکان: منداڵان ڕۆژانە تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن و ماوەی تەماشاکردنەکەشیان تارادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکە و دەردەکەوێت تاڕادەیەك بەبەرنامە و بەپێی کاتێکی دیاریکراوە. بڕوانە خشتەی(٧). ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(مریم شمام)**[٤٩] و **(هاجر داود، عائشة رفيسي)**[٥٠] یەکدەگرێتەوە.

**خشتەی (٧): ماوەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەڕۆژێکدا لای منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.**

| **تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لەڕۆژێکدا.** | **ژمارە** | **%** | **پلەکان** |
|---|---|---|---|
| **کەمتر لەکاتژمێرێك.** | ١١ | ٣٣.٣ | دووەم |
| **(١ – ٢) کاتژمێر.** | ١٢ | ٣٦.٤ | یەکەم |
| **سێ کاتژمێر و زیاتر** | ١٠ | ٣٠.٣ | سێیەم |
| **کۆی گشتی:** | ٣٣ | ١٠٠ | |

**٤- کاتەکانی تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لای منداڵ.**

زۆربەی منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٥٨.٥٣%) **کاتێکی دیاریکراویان بۆ تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن نییە**، (١٩.٥١%) پلەی دووەم **لەکاتژمێر (٨ – ١٠)ی شەو**، (١٢.٩%)، پلەی سێیەم **لە کاتژمێر (١٢ – ٢)ی پاشنیوەڕۆ**، هەروەها (٩.٧٥%) پلەی چوارەم **لەکاتژمێر (٣ – ٥)ی ئێوارە** هاتووە و هیچ منداڵێکیش **بەیانیان پێش ئەوەی بچێت بۆ باخچەی منداڵان** تەماشای فیلم-کارتۆن ناکات. لەو ئەنجامانەوە ڕوون دەبێتەوە: منداڵان لەهەموو کاتە جیاوازەکان جگە لەبەیانیان پێش چوون

بۆ باخچە تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن، ئەوەش ئاماژەیەکی نەرێنییە و کاریگەری خراپ لەسەر ئەرك و کۆششیان لەبواری خوێندن و پەروەردەکردن و بوارەکانی تری ژیانیان دەکات و دەکرێت مانای ئەوەشی لێ بخوێنرێتەوە کەکۆنترۆڵی دایبابیان بۆ بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو تەمەنەدا بەسەرەوە نییە، سەرباری تێکچوونی کاتەکانی نووستن و نانخواردن و هەستان لەخەویان، دەبێتەهۆی ئەوەشی بۆ داهاتوو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێزنەگرتن لەکات و دانانی بەرنامە بۆ کار و ئەرکەکان لەژیان لەلایان دروست بکات. بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی (٨): کاتەکانی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لای بەرتوێژان لەمنداڵی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.**

*بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

| کاتەکانی تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لای منداڵان. | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| **بەیانیان پێش ئەوەی بچێت بۆ باخچەی منداڵان.** | - | - | پێنجەم |
| **کاتژمێر (١٢ – ٢)ی پاشنیوەڕۆ.** | ٥ | ١٢.٩ | سێیەم |
| **کاتژمێر (٣ – ٥)ی ئێوارە.** | ٤ | ٩.٧٥ | چوارەم |
| **کاتژمێر (٨ – ١٠)ی شەو.** | ٨ | ١٩.٥١ | دووەم |
| **کاتێکی دیاریکراوی نییە.** | ٢٤ | ٥٨.٥٣ | یەکەم |
| **کۆی گشتی:** | ٤١ | ١٠٠ | |

**٥-جۆری تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن لەلای منداڵ.**

پلەی یەکەمی منداڵی تەمەن (٢-٦) ساڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (٣٢.٠٧%) **بەتەنها** تەماشای فیلم-کارتۆن دەکەن و لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (**هاجر داود، عائشة رفيسي**) [٥١] یەکدەگرێتەوە، (٢٢.٦٤%) لەپلەی دووەم **لەگەڵ برا و خوشەکەکانیان**، بەڕێژەی (١٣.٢٠%) لەپلەی سێیەم **لەگەڵ باوکیان**، (١١.٣٢%) لەپلەی چوارەم **لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان**، هەروەها لەپلەی پێنجەم بەڕێژەی (٥.٦٦%) **لەگەڵ کەسانی دیکە** و شەشەم و کۆتا پلەش بەڕێژەی (١.٨٨%) **لەگەڵ هاوڕێکانیان**. بەپێی ئەنجامەکان: منداڵان ئارەزووی ئەوەیان هەیە بەتەنها تەماشای فیلم-کارتۆنەکان بکەن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کۆنترۆڵیان بەسەرەوە نەبێت و بشتوانن لەژینگەیەکی ئارامتر و دوور لەجەنجاڵی لەپەیام و ناوەڕۆکی فیلمەکان بگەن. بڕوانە خشتەی (٩).

**خشتەی (٩): جۆری تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لای بەرتوێژان لەمنداڵی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.**

*بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

| جۆری تەماشاکردنی فیلم- کارتۆن. | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| **لەگەڵ دایکی** | ٧ | ١٣.٢٠ | سێیەم |
| **بەتەنها** | ١٧ | ٣٢.٠٧ | یەکەم |
| **لەگەڵ باوکی** | ٧ | ١٣.٢٠ | سێیەم |
| **لەگەڵ برا و خوشکەکانیان** | ١٢ | ٢٢.٦٤ | دووەم |
| **لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزان** | ٦ | ١١.٣٢ | چوارەم |
| **لەگەڵ هاورێکانی** | ١ | ١.٨٨ | شەشەم |
| **کەسانی دیکە** | ٣ | ٥.٦٦ | پێنجەم |
| **کۆی گشتی:** | ٥٣ | ١٠٠ | |

**٦- ناوەڕۆکی فیلم- کارتۆنی تەماشاکراو لای منداڵ.**

زۆرینەی منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٣٣.٨٠%) تەماشای ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن کە ناوەڕۆکەکانیان تایبەتە بە (**ئاژەڵ و گیانلەبەران**)،ئەو ئەنجامەش بەپێی ڕێزبەندی، پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (**مریم شمام**)[٥٢]، (٢٨.١٦%) لەپلەی دووەم (**فێرکاری و پەروەردەیی**)، ئەم ئەنجامەش بەپێی ڕیزبەندی گرنگیپێدانی منداڵان بۆ ناوەڕۆکی فیلم-کارتۆنەکان، بەتەواوی لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (**هاجر داود، عائشة رفيسي**)[٥٣]یەکدەگرێتەوە، ڕێژەی (١١.٢٦%) لەپلەی سێیەم (**سەرکێشی**) و (**سرووشت و دەوروبەر**)، هەروەها پلەی چوارەم بەڕێژەی (٩.٨٥%) (**شەڕ و جەنگ**)، بەڕێژەی (٤.٢٢%) لەپلەی پێنجەم (**ترسناك**) و پلەی شەشەم و کۆتاییش بەڕێژەی (١.٤٠%) بواری (**وەرزش**). بەپێی ئەو ئەنجامانە دەردەکەوێت: منداڵان زیاتر ئارەزووی تەماشاکردنی ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن ناوەڕۆکەکانیان تایبەتە بە بواری (ئاژەڵ و گیانلەبەران) پاشان (فێرکاری و پەروەردەیی) ئەوەش

ئاماژەیەکی ئەرێنیە، چونکە ئەو جۆرە ناوەڕۆکانە لەگەڵ دنیای منداڵان دژ نییە و دەبێتەهۆی ئاراستەکردن و پەروەردەکردنیان بەشێوەیەکی درووست. بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠): ناوەڕۆکی فیلم-کارتۆنی تەماشاکراو لای بەرتوێژان لەمنداڵانی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان دەخاتەڕوو.**

*بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

| ناوەڕۆکی فیلم- کارتۆنی تەماشاکراو. | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| سەرکێشی | ٨ | ١١.٢٦ | سێیەم |
| ترسناك | ٣ | ٤.٢٢ | پێنجەم |
| وەرزشی | ١ | ١.٤٠ | شەشەم |
| ئاژەڵ و گیانلەبەران | ٢٤ | ٣٣.٨٠ | یەکەم |
| شەڕ و جەنگ | ٧ | ٩.٨٥ | چوارەم |
| فێرکاری و پەروەردەیی | ٢٠ | ٢٨.١٦ | دووەم |
| سروشت و دەوروبەر | ٨ | ١١.٢٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی: | ٧١ | ١٠٠ | |

**٧- زمانی فیلم-کارتۆنی تەماشاکراو لای منداڵان.**

زۆربەی منداڵی بەرتوێژان لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٣٨.١٨%) تەماشای ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن کە بە **(زمانی کوردی)** پەخش دەکرێن، پلەی دووەم بەڕێژەی (٣٦.٣٦%) بە**(زمانی ئینگلیزی)**، پلەی سێیەم بەڕێژەی (٢١.٨١%) بە**(زمانی عەرەبی)** و پلەی چوارەمیش زمانەکانی: **(فارسی)** و **(تورکی)** بەڕێژەی (١.٨١%) بۆ هەریەکەیان. لەو ئەنجامەوە ڕوون دەبێتەوە: سەرباری ئەوەی زمانی زۆربەی فیلم-کارتۆنە تەماشاکراوەکان لای منداڵان بریتیە لەزمانی کوردی، بەڵام ڕێژەی ئەوانەشی بەزمانە بیانییەکان بەتایبەت ئینگلیزی تەماشادەکرێن لەئاستێکی بەرزدایە. هەریەك لەوانەش ئاماژەن بۆئەوەی: هێشتا ئاستی بەرهەمهێنانی فیلم-کارتۆن بەزمانی کوردی یاخود وەرگێڕانی لەزمانەکانی تر بەراورد بە ڕێژەی ئەو فیلم-کارتۆنانەی بەزمانە بیانییەکان بەرهەم دەهێنرێن لەئاستێکی نزمدایە، هەروەها لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕادەی بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازە تەکنەلۆژییەکان و گرنگیدان بەفێربوونی زمانی ئینگلیزی لەلایەن منداڵان، ئاستی تەماشاکردنی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بەمنداڵانیش بەتایبەت فیلم-کارتۆن بەزمانی ئینگلیزی بەرزدەبێتەوە. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١): زمانی فیلم-کارتۆنە تەماشاکراو لای منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ڕوون دەکاتەوە.**

*بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

| زمانی فیلم- کارتۆنی تەماشاکراو. | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| زمانی کوردی | ٢١ | ٣٨.١٨ | یەکەم |
| زمانی عەرەبی | ١٢ | ٢١.٨١ | سێیەم |
| زمانی ئینگلیزی | ٢٠ | ٣٦.٣٦ | دووەم |
| زمانی فارسی | ١ | ١.٨١ | چوارەم |
| زمانی تورکی | ١ | ١.٨١ | چوارەم |
| کۆی گشتی: | ٥٥ | ١٠٠ | |

**٨- زاری بەکارهاتوو لە فیلم- کارتۆنە تەماشاکراوەکان.**

زۆربەی منداڵانی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٧٨.٨%) تەماشای ئەو فیلم کارتۆنانە دەکەن کە لەنێو زمانی کوردیدا، زاری ئاخاوتنیان (هەردووکیان: فەرمی و ناوچەیی)ە، ئەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(مریم شمام)**[٥٤] کە منداڵان بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (١٠٠%) حەز بەتەماشاکردنی ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن کە زمانی بڵاوکردنەوەیان تەنها زمانی (ستاندارد – فەرمییە). هەروەها لەپلەی دووەم (فەرمی) بەڕێژەی (٢١.٢%) و لەپلەی سێیەمیش هیچ منداڵێك تەماشای ئەو فیلم کارتۆنانە ناکات کە زاری بڵاوکردنەوەیان بەتەنها (ناوچەیی)ن. لەو ئەنجامەوە ڕوون دەبێتەوە: بەکارهێنانی ئەو زارەی کە زاری ئاخاوتنی منداڵانە بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی فیلم-کارتۆن کاریگەری زۆری لەسەر ڕادەی تەماشاکردنی لەلایەن منداڵان هەیە. بڕوانە خشتەی (١٢).

خشتەی (١٢): زاری فیلم کارتۆنە کوردییە تەماشاکراوەکانی لای منداڵانی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان پیشان دەدات.

| زاری فیلم- کارتۆنی تەماشاکراو. | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| **فەرمی** | ٧ | ٢١.٢ | دووەم |
| **ناوچەیی** | - | - | سێیەم |
| **هەردووکیان** | ٢٦ | ٧٨.٨ | یەکەم |
| **کۆی گشتی:** | ٣٣ | ١٠٠ | |

**تەوەری دووەم: کاریگەری تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لای منداڵ.**

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپێونامەی توێژینەوەکە بەجیا و بەڕێژەی (٤٢.٤%) کە لەپلەی یەکەم و دووەمدا دێن، (تەواو لەگەڵ ئەوەدان) و (لەگەڵ ئەوەدان) کە: **(فیلم-کارتۆن کاریگەری لەسەر وەرگرتنی وشە لەلای منداڵەکانیان هەبووە).** بەپێی ئەو ئەنجامە بەدەستهاتووانە: فیلم-کارتۆن لەو بەرهەمە میدیاییە گرنگانەیە کە منداڵان دەتوانن لەڕێگەی تەماشاکردنیەوە، وشەی نوێ لەبارەی زمان وەرگرن و فێری ببن، ئەوەش یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ فێربوونی زمان لەلایان و بەهێزکردن و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی عەقڵیان لەبارەی زمانی بەکارهاتوو لەبەکارهێنانی فیلم-کارتۆن ی تەماشاکراو. ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەو ئەنجامانە یەکدەگرێتەوە کە توێژینەوەی هەریەك لەتوێژەران: **(مریم شمام)**(٥٥) و **(مجلي محمد أحمد كريري)**(٥٦) پێی گەیشتووە.

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (٤٧.٢٩%) کەلەپلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان و **(دەبینن منداڵەکانیان ئەو وشە و دەربڕینانە دووبارە دەکەنەوە کە لە تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە وەریدەگرن)**، ڕێژەی (٣٣.٣%)یش تەواو لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. ئەو ئەنجامەش دەریدەخات: فیلم-کارتۆن کاریگەری زۆری لەسەر فێرکردنی وشە و دەربڕینی نوێ لەلای منداڵان هەیە. ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(مریم شمام)**(٥٧) یەکدەگرێتەوە.

زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٣٩.٤%) کە لەپلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان کە: **(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن منداڵەکانیانی فێری دەربڕینی ڕستەی تەواو کردووە)**. ئەو ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە: سەیرکردنی فیلم-کارتۆن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەوەی منداڵان فێربکات گەشە بەفێربوونی زمان بدەن و لەبڕگە بڕگە و وشە بە وشەوە فێربن ڕستەی تەواو دروستبکەن و لەڕووی پێگەیشتنی زمانیەوە بچنە قۆناغێکی گەشەکردوو ترەوە.

لەپلەی یەکەمدا، زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپێوی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٤٢.٤%) دڵنیا نینلەوەی:**(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکانیان فێرکردبێت، بزانێت تافەکانی زمان بەدروستی بەکاربهێنێت و لێکیان جیابکاتەوە)**، ڕێژەی (٢٤.٢%) تەواو لەگەڵیدان، (٢٤.٢%) لەپلەی سێیەم لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. لەوەوە ڕوون دەبێتەوە: منداڵان بەهۆی کاریگەرییەکانی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە، فێردەبن و دەزانن تافەکانی زمان بەدروستی بەکاربهێنن و لێکیان جیابکەنەوە.

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپێوی توێژینەوەکە کە بەپلەی یەکە دێت، بەڕێژەی (٣٣.٣%) تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە: **(سەیرکردنی فیلم-کارتۆن منداڵەکەیانی فێرکردووە، ڕستەی پرسیار، نەرێ، سەرسوڕمان و داخوازی دروستبکات)**، پلەی دووەمیش بەڕێژەی (٣٠.٣%) دیسان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. ئەو ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە: پەیوەندی بەهێز لەنێوان تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەلای منداڵ لەگەڵ ئاشنابوون و فێربوون بەچۆنیەتی دروست بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕستە لەزماندا هەیە و هەر ئەو تەماشاکردنەی فیلم-کارتۆن ڕۆڵی لەوەدا هەبووە کە منداڵان بتوانن ڕستەی پرسیار، نەرێ، سەرسوڕمان و داخوازی دروستبکەن. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(مجلى محمد أحمد كريري)**(٥٨) یەکدەگرێتەوە.

زۆرینەی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان کە منداڵانی تەمەن (٢-٦ ساڵ)یان هەیە، بەڕێژەی (٣٦.٤%)، کە لەپلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان:**(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی درووستبونی پاراوی لەئاخاوتن دەربڕینی دەنگەکانی زمان بەدروستی-لەلای منداڵەکانیان)**، پلەی دووەمیش بەڕێژەی (٣٣.٣%) دیسان تەواو لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. ئەو ئەنجامەش پیشانی دەدات: سەیرکردنی فیلم-کارتۆن لەلایەن منداڵان ەوە کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی فێری پاراوای لەئاخاوتن بەشێوەیەکی دروست بن بەتایبەت لەڕووی دەربڕینی دەنگەکانی زمان بەدروستی.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان، بەڕێژەی (٤٥.٥%)، لەگەڵ ئەوەدان: **(لە فیلم-کارتۆن ەوە، منداڵەکانیان فێربووە لاسایی زمان و دەربڕینی کارەکتەری ناو فیلم-کارتۆنەکان بکاتەوە)**، ڕێژەی (٣٩.٤%) یش کە لەپلەی دووەمدا دێن، تەواو لەگەڵ ئەوەدان. ئەو ئەنجامەش دەریدەخات: فیلم-کارتۆن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر فێرکردنی لاسایکردنەوەی زمان و دەربڕینی کارەکتەری ناو بەرهەمان لەلای منداڵان. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(بودربالة سهام)**(٥٩)یەکدەگرێتەوە.

زۆرینەی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان، بەڕێژەی (٣٣.٣%)، کە لەپلەی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدان: **(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی ئەوەی منداڵەکەیان ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕستەی نوێ دروستبکات کە پێشتر نەیزانیوە)**، پلەی دووەمیش بەڕێژەی (٣٠.٣%) تەواو لەگەڵ ئەوەدان. بەپێی ئەو ئەنجامەش: بەردەوامی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەلایەن منداڵان، ڕۆژ دوای ڕۆژ فێری دروستکردنی هەندێك ڕستەیان لەزمان دەکات کە پێشتر نەیانزانیوە. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە ڕادەی گەشەی زمانی لای منداڵ لەڕێگەی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بەمنداڵان، پەیوەندی هەیە بەڕادەی تەماشاکردنی بەرهەمەکان و بەردەوام بوون لەسەری.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان، بەڕێژەی (٢٧.٣%)، دڵنیانین، لەوەی کە: **(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیانی فێرکردبێت، لەڕێگەی وێنەکێشانەوە گوزارشت لە ناخی خۆی بکات)**، هەرچی پلەی دووەم و سێیەم بەجیا و بەڕێژەی (٢٤.٢%) (تەواو لەگەڵ ئەوەدان) و (لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان). بەگەڕانەوە بۆ ئەنجامەکانی پلەی دووەم و سێیەم، دەردەکەوێت: سەیرکردنی فیلم-کارتۆن منداڵان فێردەکات، بتوانن فێری کاری وێنەکێشان بن و لەو ڕێگەیەشەوە گوزارشت لەناخی خۆیان بکەن و بەشێوەی وێنە دەریبڕن.

زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٤٨.٥%) کە لەپلەی یەکەم دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان، کە:**(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیانی بەناسینەوە و لێکجیاکردنەوەی ڕەنگەکان ئاشناکردووە)**. ئەو ئەنجامە پیشانی دەدات: سەیرکردنی فیلم-کارتۆن کاریگەری بەهێزی هەیە لەناساندنی ڕەنگە جیاوازەکان بەمنداڵان و هەر لەو ڕێگەیەشەوە ئەو توانایەی لەلا دروست دەبێت کە بتوانێت ڕەنگەکان بەدروستی لەیەکتری جیابکاتەوە.

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (٤٥.٥%) کە لەپلەی یەکەمدا دێن، لەگەڵ ئەوەدان کە:**(سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، ناو و جۆری ڕەنگەکانی فێری منداڵەکانیان کردووە)**، پلەی دووەمیش بەڕێژەی (٣٩.٤%) تەواو لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. بەوەش دەردەکەوێت: منداڵان لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە، ناوی ڕەنگەکان بەو زمانەی کە بەرهەمەکەی پێ پەخش دەکرێت لەگەڵ جۆری ڕەنگەکان ئاشنا بوون.

زۆرتربنی بەرتوێژان مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (٤٥.٥%) کە لەپلەی یەکەم دێت، دڵنیا نین لەوەی:**(منداڵەکەیان لەپاش تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، توانای ڕاستکردنەوەی ئەو دەربڕینانەی لادروست بووبێت، کەپێشتر بەهەڵە بەکاریدەهێنان)**، پلەی دووەم بەڕێژەی (٣٠.٣%) لەگەڵ ئەوەدان و پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (١٨.٢%) تەواو لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. لەو ئەنجامەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن تاڕادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ئەو دەربڕینە هەڵانەی کە منداڵان لەپێش تەماشاکردنی لەبواری زمان بەکاریهێناون. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(مجلی محمد أحمد كريري)**[٦٠] یەکدەگرێتەوە.

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (٥١.٥%) کە لەپلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان: **(لەئەنجامی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیان ئەو دەربڕینانە پاتدەکاتەوە، کەئاماژەن بۆ ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر کەسانی دەوروبەری)**. کەواتە: ناوەڕۆکی ئەو فیلم-کارتۆنانەی بۆ منداڵان پەخش دەکرێن، کاریگەری زۆری هەیە لەسەریان لەڕووی لاسایکردنەوە و دووبارەکردنەوەی دەربڕینەکانی نێو بەرهەمەکان، بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندیدارە بەدەربڕینی  ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر کەسانی دەوروبەریان.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (٤٢.٤%)، لەگەڵ ئەوەدان: **(لە ئەنجامی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیان ئەو دەربڕینانە دووپاتدەکاتەوە، کە ئاماژەن بۆ توندوتیژی زارەکی بەرامبەر بەکەسانی دەوروبەریان)**. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت: فیلم-کارتۆن ی تەماشاکراو بەپێی جۆری ناوەڕۆکەکەی کاریگەری لەسەر لایەنی زمانی منداڵان دادەنێت و ئەو ناوەڕۆکانەی تایبەتن بەتوندوتیژی زارەکی بەتایبەت جنێودان، منداڵ ئاشنا و فێری جۆری ئەو دەربڕاوانە دەکەن کە لەناوەڕۆکی بەرهەمەکانەوە دەردەبڕدرێن.

پلەی یەکەم و دووەمی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەجیا و بەڕێژەی (٣٦.٤%)، دڵنیا نین و لەگەڵ ئەوەدان کە: **(سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، هاوکار بووە لەچاندنی خووی باش لەلای منداڵەکانیان، وەك: وەڵامدانەوەی سڵاوکردن، ڕاستگۆیی..)**، پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (١٢.٤%) تەواو لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. ئەو ئەنجامەش پیشانی دەدات: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەلایەن منداڵان، تاڕادەیەك کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر چاندنی خووی باش لەلایان بەتایبەت وەڵامدانەوەی سڵاوکردن و ڕاستگۆیی.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان، بەڕێژەی (٣٩.٤%)، دڵنیانین، لەوەی کە: **(منداڵەکانیان لەتەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە فێری هەندێك شتی سەرەتایی دەربارەی چیرۆکنووسین بووبێت)**، پلەی دووەم بەڕێژەی (٢٤.٢%)یش لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. لەو ئەنجامەوە ڕوون دەبێتەوە: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەتوانایدایە منداڵ فێری هەندێك شتی سەرەتایی دەربارەی چیرۆکنووسین بکات.

زۆرینەی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (٣٣.٧٨%)، کە لەپلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان: **(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی ئەوەی منداڵەکەیان بتوانێت گۆرانی نێو فیلم-کارتۆنەکان ئەزبەربکات)**، هەروەها پلەی دووەمیشیان بەڕێژەی (٣٩.٤%) تەواو لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدان. ئەو ئەنجامە پیشانی دەدات: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ئەو توانایە لەلای منداڵاندروست دەکات کە بتوانن تێکستی گۆرانی نێو بەرهەمەکان ئەزبەر بکەن.ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(مجلی محمد أحمد كريري)**[٦١] یەکدەگرێتەوە.

زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکەبەڕێژەی (٣٩.٤%) کە لەپلەی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدان: **(سەیرکردنی فیلم-کارتۆن لەڕاستکردنەوەی زمانیدا هاوکاری منداڵەکانیانی کردووە)**. ئەو ئەنجامەش پیشانی دەدات: منداڵان ئەگەر لەخێزان یاخود دەوروبەرەوە تووشی هەڵەی زمانی بووبن، تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ئەو دەرفەتەیان بۆ دەستەبەردەکات بتوانن هەڵەکان ڕاستبکەنەوە.

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپێوی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٤٨.٥%) کە لەپلەی یەکەمدا دێت، دڵنیانین لەوەی: **(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیانی فێری جیاکردنەوەی ژمارەی تاك و کۆ لەیەکتری کردبێت)**، پلەی دووەمیش بەڕێژەی (٣٠.٣%) لەگەڵ ئەوەدان. بەپێی ئەو ئەنجامانە: منداڵان لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ەوە ئەو توانایەیان لەلادرووست بووە، ژمارەکان لەڕووی تاك و کۆ لەیەکدی جیابکەنەوە.

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان بەرێژەی (%٣٩.٤) بۆ پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان و هەمان ڕێژە بۆ پلەی دووەم تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە: **(تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، حەز لەگەڕان بەدوای زانین و پرسیارکردنی لای منداڵەکانیان دروستکردووە).** بەپێی ئەو ئەنجامەش: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن کاریگەری لەسەر منداڵان لەڕووی گەڕان بەشوێن زانین و پرسیارکردن دەربارەی ژینگەی دەوروبەریان هەبووە.

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپێوی توێژینەوەکە بەرێژەی (%٣٣.٣) کە لەپلەی یەکەم دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە: **(سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیانی فێری لاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکان و هەورە گرمە و هەندێك دیاردەی سروشتی کردووە)**، پلەی دووەمیش بەرێژەی (%٣٠.٣) دیسان لەگەڵ ئەوەدان. بەپێی ئەو ئەنجامەش: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ئەو توانایەی لەلای منداڵان دروستکردووە، بتوانن فێری لاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکان و هەورە گرمە و هەندێك دیاردەی سروشتی ببن.

زۆرینەی بەرتوێژانی ڕاپێوینامەکە بەرێژەی (%٤٢.٤) کە لەپلەی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدان کە: **(سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەیانیفێری بەکارهێنانی هەندێك ئاماژەی نازمانی کردووە).** بەپێی ئەو ئەنجامەش: منداڵان لەڕێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ەوە، سەرباری گەشەی زمانی لەڕووە جۆراوجۆرەکانەوە، توانای فێربوونی بەکارهێنانی هەندێك ئاماژەی نازمانیشیان لەلا دروست دەبێت. بڕوانە خشتەی (١٣). ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(هیثم منصور عبدالقادر عبندە)**[٦٢] تەریبە.

خشتەی (١٣): کاریگەریی تەماشاکردنی فیلم کارتۆن لەسەرگەشەی زمان لای منداڵی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ڕوون دەکاتەوە.

| بڕگەکان | تەواو لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | تەواو لەگەڵیدا نیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| فیلم-کارتۆن کاریگەری لەسەر وەرگرتنی وشە لەلای منداڵەکەم هەبووە. | ١٤ | ٤٢.٤ | ١٤ | ٤٢.٤ | ٥ | ١٥.٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| دەبینم منداڵەکەم ئەو وشە و دەربڕینانە دووبارەدەکاتەوە کە لە تەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە وەریگرتووە. | ١١ | ٣٣.٣ | ١٩ | ٥٧.٦ | ٢ | ٦ | ١ | ٣ | ٠ | ٠ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن منداڵەکەمی فێری دەربڕینی ڕستەی تەواو کردووە. | ٧ | ٢١.٢ | ١٣ | ٣٩.٤ | ٩ | ٢٧.٣ | ٤ | ١٢.١ | ٠ | ٠ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەمی فێرکردووە، دەزانێت تافەکانی زمان بەدروستی بەکاربهێنێت و لێکیانجیابکاتەوە. | ٨ | ٢٤.٢ | ٨ | ٢٤.٢ | ١٤ | ٤٢.٤ | ٣ | ٩.١ | ٠ | ٠ |
| سەیرکردنی فیلم-کارتۆن منداڵەکەمی فێرکردووە، ڕستەی پرسیار، نەرێ، سەرسوڕمان و داخوازی دروستبکات. | ١١ | ٣٣.٣ | ١٠ | ٣٠.٣ | ٨ | ٢٤.٢ | ٣ | ٩.١ | ١ | ٣ |
| دەتوانم بڵێم: تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی درووستبونی پاراوی لەئاخاوتن (دەربڕینی دەنگەکانی زمان بەدروستیی) لەلای منداڵەکەم. | ١١ | ٣٣.٣ | ١٢ | ٣٦.٤ | ٧ | ٢١.٢ | ٢ | ٦ | ١ | ٣ |
| لە فیلم-کارتۆنەوە، منداڵەکەم فێربووە لاسایی زمان و دەربڕینی کارەکتەری ناو فیلم-کارتۆنەکان دەکاتەوە. | ١٣ | ٣٩.٤ | ١٥ | ٤٥.٥ | ٤ | ١٢.١ | ١ | ٣ | ٠ | ٠ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی ئەوەی منداڵەکەم ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕستەی نوێ دروستبکات کە پێشتر نەیزانیوە. | ١٠ | ٣٠.٣ | ١١ | ٣٣.٣ | ٨ | ٢٤.٢ | ٤ | ١٢.١ | ٠ | ٠ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەمی فێرکردووە، لەڕێگەی وێنەکێشانەوە گوزارشت لە ناخی بکات. | ٨ | ٢٤.٢ | ٨ | ٢٤.٢ | ٩ | ٢٧.٣ | ٧ | ٢١.٢ | ١ | ٣ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەمی بەناسینەوە و لێکجیاکردنەوەی ڕەنگەکان ئاشناکردووە. | ١٦ | ٤٨.٥ | ١١ | ٣٣.٣ | ٤ | ١٢.١ | ٢ | ٦ | ٠ | ٠ |
| سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، ناو و جۆری ڕەنگەکانی فێری منداڵەکەم کردووە. | ١٣ | ٣٩.٤ | ١٥ | ٤٥.٥ | ٣ | ٩.١ | ٢ | ٦ | ٠ | ٠ |
| منداڵەکەم لەپاش تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، توانای ڕاستکردنەوەی ئەو دەربڕینانەی لادروست بووە، کەپێشتر بەهەڵە بەکاریدەهێنان. | ٦ | ١٨.٢ | ١٠ | ٣٠.٣ | ١٥ | ٤٥.٥ | ٢ | ٦ | ٠ | ٠ |
| لەئەنجامی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەم ئەو دەربڕینانە پاتدەکاتەوە، کەئاماژەن بۆ ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر کەسانی دەوروبەری. | ٦ | ١٨.٢ | ١٧ | ٥١.٥ | ٨ | ٢٤.٢ | ٢ | ٦ | ٠ | ٠ |
| لەئەنجامی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەم ئەو دەربڕینانە دووپاتدەکاتەوە، کە ئاماژەن بۆ توندوتیژی زارەکی (جنێودان..)) بەرامبەر کەسانی دەوروبەری. | ٣ | ٩.١ | ١٤ | ٤٢.٤ | ٧ | ٢١.٢ | ٦ | ١٨.٢ | ٣ | ٩.١ |
| سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، هاوکار بووە لەچاندنی خووی باش لەلای منداڵ، وەك: (وەڵامدانەوەی سڵاوکردن، ڕاستگۆیی..). | ٨ | ٢٤.٢ | ١٢ | ٣٦.٤ | ١٢ | ٣٦.٤ | ١ | ٣ | ٠ | ٠ |
| منداڵەکەم لەتەماشاکردنی فیلم-کارتۆنەوە فێری هەندێك شتی سەرەتایی دەربارەی چیرۆکنووسین بووە. | ٨ | ٢٤.٢ | ٥ | ١٥.٢ | ١٣ | ٣٩.٤ | ٤ | ١٢.١ | ٣ | ٩.١ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، بووەتەهۆی ئەوەی منداڵەکەم بتوانێت گۆرانی نێو فیلم-کارتۆنەکان ئەزبەربکات | ١٣ | ٣٩.٤ | ١٤ | ٤٢.٤ | ٣ | ٩.١ | ٣ | ٩.١ | ٠ | ٠ |
| سەیرکردنی فیلم-کارتۆن لەڕاستکردنەوەی زمانیدا هاوکاری منداڵەکەمی کردووە. | ٦ | ١٨.٢ | ١٣ | ٣٩.٤ | ١١ | ٣٣.٣ | ٣ | ٩.١ | ٠ | ٠ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ، منداڵەکەمی فێری جیاکردنەوەی ژمارەی تاك و کۆ لەیەکتری کردووە. | ٥ | ١٥.٢ | ١٠ | ٣٠.٣ | ١٦ | ٤٨.٥ | ١ | ٣ | ١ | ٣ |
| تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن، حەز لەگەڕان بەدوای زانین و پرسیارکردنی لای منداڵەکەم دروستکردووە. | ١٣ | ٣٩.٤ | ١٣ | ٣٩.٤ | ٥ | ١٥.٢ | ٢ | ٦ | ٠ | ٠ |
| سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەمی فێری لاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکان و هەورە گرمە و هەندێك دیاردەی سروشتی کردووە. | ١١ | ٣٣.٣ | ١٠ | ٣٠.٣ | ٨ | ٢٤.٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٦ |
| سەیرکردنی فیلم-کارتۆن، منداڵەکەمی فێری بەکارهێنانی هەندێك ئاماژەی نازمانی کردووە. | ٧ | ٢١.٢ | ١٤ | ٤٢.٤ | ٩ | ٢٧.٣ | ٢ | ٦ | ١ | ٣ |

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

**توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی، سەرەکیترینیان ئەمانەن:**

**یەکەم:** زۆرینەی منداڵی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٢-٦ ساڵ)دایە، لەپلەی یەکەم بەرێژەی (٧٥.٨%)یان تەلەڤزیۆن و لەپلەی دووەمیش بەرێژەی (٦٣.٦%)یان ئامێری مۆبایل بۆ تەماشای فیلم-کارتۆن بەکاردەهێنن.

**دووەم:**منداڵانی تەمەن (٢ - ٦) ساڵ، بەرێژەی (٧٢.٧%) کاتێکی دیاریکراویان بۆ تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن نییە، (٢٤.٢%) پلەی دووەم لەکاتژمێر (٨ – ١٠)ی شەو، (١٥.٢%)، پلەی سێیەم لەکاتژمێر (١٢ – ٢)ی پاشنیوەڕۆ، هەروەها (١٢.١%) پلەی چوارەم لەکاتژمێر (٣ – ٥)ی ئێوارە هاتووە و هیچ منداڵێکیش بەیانیان پێش ئەوەی بچێت بۆ باخچەی منداڵان تەماشای فیلم-کارتۆن ناکات.

**سێیەم:** منداڵان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٧٢.٧%) تەماشای ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن کە ناوەڕۆکەکانیان تایبەتە بە (ئاژەڵ و گیانلەبەران)، (٦٠.٦%) لەپلەی دووەم (فێرکاری و پەروەردەیی)، رێژەی (٢٤.٣%) لەپلەی سێیەم (سەرکێشی) و (سرووشت و دەوروبەر)، هەروەها پلەی چوارەم بەرێژەی (٢١.٢%) (شەڕ و جەنگ)، بەرێژەی (٩.١%) لەپلەی پێنجەم (ترسناك) و پلەی شەشەم و کۆتاییش بەرێژەی (٣%) بواری (وەرزش).

**چوارەم:** زۆرینەی منداڵان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٧٨.٨%) تەماشای ئەو فیلم کارتۆنانە دەکەن کە لەنێو زمانی کوردیدا، زاری ئاخاوتنیان (هەردووکیان: فەرمی و ناوچەیی)ە، لەسەر ئاستی نێو زمانە جیاجیاکانیش: (٧٢.٤%) تەماشای ئەو فیلم-کارتۆنانە دەکەن کە بە (زمانی کوردی) پەخش دەکرێن، پلەی دووەمیان بەرێژەی (٦٩%) بە(زمانی ئینگلیزی)، پلەی سێیەم بەرێژەی (٤١.٤%) بە(زمانی عەرەبی) و پلەی سێیەمیش زمانەکانی: (فارسی) و (تورکی) بەرێژەی (٣.٤%) بۆ هەریەکەیان.

**پێنجەم:** فیلم-کارتۆن لەو بەرهەمە میدیاییە گرنگانەیە کە منداڵان دەتوانن لەرێگەی تەماشاکردنیەوە، وشەی نوێ لەبارەی زمان وەرگرن و فێری ببن، ئەوەش یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ فێربوونی زمان لەلایان و بەهێزکردن و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی عەقڵیان لەبارەی زمانی بەکارهاتوو لەبەکارهێنانی فیلم-کارتۆن ی تەماشاکراو.

**شەشەم:** فیلم-کارتۆن کاریگەری زۆری لەسەر فێرکردنی وشە و دەربڕینی نوێ لەلای منداڵان هەیە و فێریان دەکات گەشە بەفێربوونی زمان بدەن و لەبڕگە بڕگە و وشە بە وشەوە ڕستەی تەواو دروستبکەن و لەڕووی پێگەیشتنی زمانیەوە بچنە قۆناغێکی گەشەکردوو ترەوە.

**حەوتەم:** منداڵان بەهۆی کاریگەرییەکانی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ەوە، فێردەبن و دەزانن تافەکانی زمان بەدروستی بەکاربهێنن و لێکیان جیابکەنەوە و فێری پاراوی لەئاخاوتنیشیان بەشێوەیەکی دروست دەکات بەتایبەت لەڕووی دەربڕینی دەنگەکانی زمان بەدروستیی.

**هەشتەم:** بەردەوامی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەلایەن منداڵان، ڕۆژ دوای ڕۆژ فێری دروستکردنی هەندێك ڕستەیان لەزمان دەکات کە پێشتر نەیانزانیوە و تارادەیەکیش کاریگەری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ئەو دەربڕینە هەڵانەی کە منداڵان لەپێش تەماشاکردنی لەبواری زمان بەکاریهێناون.

**نۆیەم:** منداڵان لەرێگەی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن ەوە ئەو توانایەیان لەلادرووست دەبێت، ژمارەکان لەڕووی تاك و کۆ لەیەکدی جیابکەنەوە و سەرباری گەشەی زمانی لەرووە جۆراوجۆرەکانیشەوە، توانای فێربوونی بەکارهێنانی هەندێك ئاماژەی نازمانیشیان لەلا دروست دەبێت.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامە زانستیانەی توێژینەوەکەمان پێی گەیشتووە، چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** قۆناغی (٢-٥ ساڵ) تەمەنی بنچی و پێکهاتنی هەمەلایەنە (زمان، دەروونی و کۆمەڵایەتی)ی ژیانی منداڵ ە، کارێکی دروستە گرنگی بەلایەنەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی بەشێوەیەکی سەلامەت بدرێت بەتایبەت لایەنی زمان، دەشێت لەرێگەی هەڵبژاردنی ئەو فیلم-کارتۆن انەی بەزمانێکی پاراو و لەژێر چاودێری پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن، زمان، پەروەردەی منداڵ و سایکۆلۆژی بەرهەم دەهێنرێن یاخود پەخش دەکرێن، بناغەیەکی دروستی زمانی بۆ منداڵەکان دەستەبەربکرێت.

**دووەم:** گرنگیدان بەبەرهەمهێنانی فیلم-کارتۆن بەزمانی ڕەسەی کوردی و دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت بەم بوارە و پاڵپشتیکردنی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری و ئامادەکردنی منداڵان لەلایەنی زمانیەوە بۆ چوونە قوتابخانە.

**سێیەم:** پێویستی بەرهەمهێنان یاخود وەرگێڕان و پەخشکردنی ئەو فیلم-کارتۆنانەی ناوەڕۆکێکی پەروەردەیی و فێرکاریان بەپلەی یەکەم هەیە، ئەوە بێجگە لەگرنگی نووسینی ئاخاوتنی نێو بەرهەمەکان بەشێوەی نووسین لەکاتی پەخشکردنیان.

**چوارەم:** هەڵمەتی هۆشیاری بۆ ڕۆشنبیرکردنی دایکان و باوکان تایبەت بەچۆنیەتی هەڵبژاردنی فیلم-کارتۆنی گونجاو بەپێی تەمەنی منداڵ.

**پێنجەم:** دەشێت لەباخچەکانی منداڵان لەلایەن مامۆستایان و پەروەردەکاران ەوە فیلم-کارتۆن، وەك یەکێك لە هۆکارەکان بەمەبەستی گەشەپێدان و پاراوکردنی زمانی منداڵان بەکاربهێنرێت و لەرێگەی داتاشۆ و ئامێری تایبەتی پێشکەوتو و بەرهەمەکانیان پێشکەش بکرێت و لەپاڵ ئەوەشدا؛ منداڵان و تەنانەت بەخێوکەرانیشیان ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بکرێن لەهەڵبژاردنی جۆری بەرهەمەکان و کات و ماوەی تەماشاکردن و ژینگەی گونجاو بۆ سەیرکردنی لەلایەن منداڵان ەوە.

**شەشەم:** دەکرێت توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەنێوان کاریگەری ئامرازە جیاجیاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ تەلەڤزیۆن لە پێشکەشکردنی فیلم-کارتۆن لەسەر منداڵان ئەنجام بدرێت.

**حەوتەم:** دەشێت توێژینەوەیەك لەسەر ئاستی زمان پاراوی ئەو منداڵانەی لە تەمەنی (٢-٥ ساڵ) تەماشای فیلم-کارتۆنیان کردووە لەگەڵ ئەوانەی تەماشایان نەکردووە ئەنجام بدرێت.

**هەشتەم:** کارێکی گونجاوە توێژینەوەیەك لەسەر کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تەماشاکردنی فیلم-کارتۆن لەسەر منداڵانی باخچەی منداڵان ئەنجام بدرێت.

## لیستی سەرچاوەکان


١- مريم شمام: **"أثر الرسوم المتحركة في التنمية اللغوية لدى الطفل في مرحلة رياض الأطفال – أنموذجاً"**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة: كلية الآداب واللغات، قسم اللغة والأدب العربي)، ٢٠١٩.

٢- هاجر داود، عائشة رفيسي: **"أثر الأفلام الكرتونية في تشكيل سلوكيات الأطفال الجزائريين من منظور الأمهات"**، رسالة ماجستير(غير منشورة)، (جامعة أكلي محند أولحاج: كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم التأريخ)، ٢٠١٩.

٣- بودربالة سهام: **"الرسوم المتحركة وتأثيرها على لغة الطفل – دراسة تحليلية سيميائية لـ عصابة دالتون"**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة عبدالحميد بن باديس: كلية الآداب والفنون، قسم الأدب العربي)، ٢٠١٥.

٤- مجلي محمد أحمد كريري: **"أثر أفلام الكرتون في لغة الطفل في ضوء نظريات إكتساب اللغة"**، مجلة آداب النيلين، مجلد ٣، عدد ٢، سبتمبر ٢٠١٨.

٥- هيثم منصور عبدالقادر عبندة: **"لغة الجسد في برامج الرسوم المتحركة – دراسة تحليلية في النسخة العربية من برنامج مغامرات عدنان"**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة الشرق الأوسط: كلية الإعلام)، ٢٠١٣.

**(*) ناوی پسپۆڕەکان بەپێی پلەی زانستی:**

●پرۆفیسۆر د. عەبدولجەبار مستەفا مارف - پسپۆری زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی.

●پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. هێرش ڕەسوڵ موراد- پسپۆری ڕاگەیاندن/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

●پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. تریفە عومەر- پسپۆری زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی.

٦- عبد الفتاح أبو معال: **"أثر وسائل الإعلام على تعليم الأطفال وتثقيفهم"**، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٦، ص٧١.

٧- عبد اللطيف محمد العبد: **"البحث العلمي- منهجاً وتطبيقاً"**، دار العلوم للنشر والتوزيع، جامعة القاهرة، ص١٣١.

٨- هاجر داود، عائشة رفيسي: **"مرجع سابق"**، ص٣١.

٩- عبد الواحد بن حمد البلهيد: **"البرنامج التدريبي على البحث التربوي"**، ط ١، دار الفكر العربي، مصر، ١٩٩٨، ص١٠٤.

١٠- أندريه جلوكسمان: **"عالم التلفزيون بين الجمال والعنف"**، ترجمة: وجيه سمعان عبد المسيح،المجلسالأعلىللثقافة،القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٣٢.

١١- حلا قاسم الزعبي: **"تأثير مشاهد العنف في برامج الأطفال التلفزيونية (الرسوم المتحركة) على الأطفال من جهة نظر أولياء الأمور (الأمهات) والمدرسات"**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة الشرق الأوسط- الأردن: كليةالإعلام)، ٢٠١٦،ص٣٠.

١٢- محمد بن عبد الرحمان العريفي:**"الرسوم المتحركة وأثرها في عقيدة الناشئة"**، جامعة الملك سعود، السعودية، ٢٠١٠، ص٢.

١٣- كرم شلبي:**"معجم المصطلحات الإعلامية"**، دار الجيل، الطبعة الثانية،بيروت، ١٩٩٤، ص٤١.

١٤- بشيش رشيدة: **"الرسوم المتحركة في التلفزيون الجزائري - دراسة قيم وتأثيرات"**، رسالة ماجستير،(غير منشورة)، (جامعة الجزائر: معهد الإعلام والإتصال)، ١٩٩٨، ص ٦٦ ٦٧.

١٥- جودي أحمد زكي: **"معجم مصطلحات الإعلام"**، دار الكتاب المرئي، (د.ن)، القاهرة، ص ٩٦.

١٦- سعدية محمد بهادر: **"توظيف الشخصية الكرتونية العربية في النشأة الإجتماعية للأطفال"**، (مجلة تلفزيون الخليج، العدد (١)، ١٩٩٨، ص٤١.

١٧- عليان عبدالله الحولي: **"القيم المتضمنة في أفلام الرسوم المتحركة - دراسة تحليلية"، بحث مقدم إلى مؤتمر التربوي الأول"التربية في فلسطين وتغيرات العصر"**، المنعقد بكلية التربية في الجامعة الإسلامية في الفترة من ٢٣-٢٤/١١/٢٠٠٤، ص٢٢٢.

١٨- حنان محمد فوزي: **"القيم المتضمنة في الرسوم المتحركة في التلفزيون المصري لأطفال ما قبل المدرسة"**، رسالة دكتوراه (غير منشورة)، (جامعة المنوفية: كلية التربية)، ٢٠٠٦، ص٨١.

١٩- مزاري عبدالقادر: **"دور أدب الطفل المرئي في إكساب مهارة التحدث للطفل أفلام الكرتون والرسوم المتحركة نموذجا"**، مجلة العمدة في اللسانيات وتحليل الخطاب، العدد الخامس، ٢٠١٨، ص٢٦.

٢٠- سهير كامل أحمد، شحاته سليمان محمد: **"تنشئة الطفل وحاجاته بين النظرية والتطبيق"**، مركز الإسكندرية للكتاب، الإسكندرية، ٢٠٠٧، ص٤٣.

٢١- عليان عبدالله الحولي: **"مرجع سابق"**، ص٢٢٤-٢٢٥.

٢٢- Anisha Nair: **" Positive and Negative Effects of Cartoons on Child Behaviour and Development"**, September 26, 2018. (https://parenting.firstcry.com/articles/positive-and-negative-effects-of-cartoons-on-child-behaviour-and-development/).

٢٣- غادة محمود إبراهيم عوف: **"دراسة تحليلية عن تأثير الرسوم المتحركة على طفل الروضة إيجابياً وسلبياً"، International Design Journal, Volume 7, Issue 2**، ٢٠١٧، ص١١٨.

٢٤- **"نفس مرجع سابق"**، نفس صفحة.

٢٥- عەدنان عەبدوڵلا عەبدولوەهاب: "وەرگرتنی زمان لای منداڵ"، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، (زانکۆی سلێمانی:

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان – سکوڵی زمان، زمانی کوردی)، ٢٠١٥، ل٣٤.

٢٦- عەبدولجەبار مستەفا معروف: "لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی"، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سارا، ٢٠٢٠، سلێمانی، ل٨٣.

٢٧- عەدنان عەبدوڵلا عەبدولوەهاب: "سەرچاوەی پێشوو"، ل٣٤.

٢٨- ناهیدە ڕەحمان خەلیل: "زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی"، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، (زانکۆی سلێمانی: فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان – سکوڵی زمان، زمانی کوردی)، ٢٠١٣، ١٩.

٢٩- ناهیدە ڕەحمان خەلیل: " سەرچاوەی پێشوو"، ل٣٠.

٣٠- تارا عبدالله سعید، ئاریا یاسین عبدالله: "سیمانتیکی زمان لای منداڵ"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (٥)، ژمارە (٣)، ٢٠١٨، ل٣٦٧.

٣١- إسماعيل علوي: "**نمو الوعي الدلالي عند الطفل الأسس المعرفية والممارسة التربوية**"، ط١، عالم الكتب الحديث، الأردن، ٢٠١٠، ص٧٥.

٣٢- ناهیدە ڕەحمان خەلیل: "سەرچاوەی پێشوو"، ل٣٦.

٣٣- مجلي محمد أحمد كريري: "**أثر أفلام الكرتون في لغة الطفل في ضوء نظريات إكتساب اللغة**"، مجلة آداب النيلين، مجلد (٣)، عدد (٣)، سبتمبر ٢٠١٨، **ص٣٤.**

٣٤- السيد عبد القادر شريف: "**التنشئة الإجتماعية للطفل العربي في عصر العولمة**"، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٤٤.

٣٥- محمد عبد الظاهر الطيب وآخرون: "**الطفل في مرحلة ما قبل المدرسة**"، منشأة المعارف، الإسكندرية، ١٩٨١، ص ص٩٦-٩٧.

٣٦- ڕەحمان عەلی: "**پوختەیەك لەپەروەردەی تایبەت**"، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١، ل ٢٠٦-٢٠٧.

٣٧- سميرة قارة: "**دور الروضة في التنشئة الإجتماعية للطفل - دراسة ميدانية بمجموعة من مؤسسات رياض الأطفال – بلدية قسنطينة**"، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة منتوري قسنطينة: كلية العلوم الإجتماعية والعلوم الإنسانية، قسم علم الإجتماع)، ٢٠١٢، ص١٧٥.

٣٨- عەبدولجەبار مستەفا معروف: "**سەرچاوەی پێشوو**"، ل ٨٣.

٣٩- روحية أحمد محمد: "**النمو الفونولوجي في لغة الطفل**"، بحث منشور بمجلة علوم اللغة مجلد (٢) عدد (٣)، ١٩٩٩، ص ١٠٩.

٤٠- عەبدولجەبارمستەفا معروف: "**سەرچاوەی پێشوو**"، ل٨٥.

٤١- "**هەمان سەرچاوەی پێشوو**"، ل١٧٦.

٤٢- سميرة قارة: "**مرجع سابق**"، ص١٧٦.

٤٣- مجلي محمد أحمد كريري: "**مرجع سابق**"،ص ٤٤.

٤٤- "**نفس مرجع سابق**": ص٣٩.

٤٥- رشا الخطيب:"**القنوات الفظائية المخصصة للاطفال وتأثير الرسوم المتحركة على اللغة الطفل العربي**"، (جامعة الشارقة: كلية الإتصال)، ٢٠٠٧، ص ١٢.

٤٦- حامد زهران وآخرون: "**المفاهيم اللغوية عند الاطفال**"، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٧، ص ٢٦٢.

٤٧- مجلي محمد أحمد كريري: "**مرجع سابق**"، ص ٣٩.

٤٨- دانا تحسين محمد: "**نەخۆشی زمانگرتن لەنێو منداڵانی کورددا**"، نامەی ماستەر،(بڵاونەکراوە)، (زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر: کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی)، ٢٠٠٣، ل ٦٥.

٤٩- مريم شمام: "**مرجع سابق**"، ص٧٣.

٥٠- هاجر داود، عائشة رفيسي: "**مرجع سابق**"، ص٨٨.

٥١- "**نفس مرجع سابق**"، ص٨٩.

٥٢- مريم شمام: "**مرجع سابق**"، ص ٦٠.

٥٣- هاجر داود، عائشة رفيسي:"**مرجع سابق**"،ص٩٨.

٥٤- مريم شمام: "**مرجع سابق**"،ص٥١.

٥٥- **نفس مرجع سابق:** ص٥٣.

٥٦- مجلي محمد أحمد كريري: "**مرجع سابق**"، ص ٤٠.

٥٧- مريم شمام: "**مرجع سابق**"،ص٥٦، ص٧٤.

٥٨- مجلي محمد أحمد كريري: "**مرجع سابق**"، ص ٥٠.

٥٩- بودربالة سهام: "**مرجع سابق**"، ص٥٥.

٦٠- مجلي محمد أحمد كريري: "**مرجع سابق**"، ص ٥٠.

٦١- "**نفس مرجع سابق**"، ص٥٣.

٦٢- هيثم منصور عبدالقادر عبنده: "**مرجع سابق**"، ص٨٣.



**Abstract**

**The Impact of Cartoon on Children's Language Development**

Cartoon is watched by children through different media and they spend sometimes in this regard. The current study entitled "The Impact of Cartoon on Children's Language Development" aims at knowing to what extent this media genre has effects on language development aspect by children, and investigating the language type used in the cartoons watched by children of Iraqi Kurdistan Region, and the cartoons content and the tools used to watching them.

The study is descriptive and the survey method is applied; a questionnaire is used in order to investigate the University of Gariman instructors' perspectives about the impact of watching cartoon on children's language development and 33 married instructors of different genders are randomly selected to be the study sample.

The study is conducted form April, 1st to June, 1st, 2021 in Kalar city, the centre of Garmian Administrative Unit, at the University of Garimain colleges of Education, Basic Education, Medicine, Sciences, Law, and Civil Engineering. The study is limited to the instructors of University of Garmian who have kids aged between (2 – 6) years. Finally, the present study has come up with some conclusions, more importantly,

1. The language of the cartoons watched by children is Kurdish.
2. Watching cartoons has effects on acquiring vocabularies and enables them to form complete sentences.
3. Watching cartoons become a reason to have fluency (i.e., expressing sounds correctly) by children and enable them to create new sentences that they were not aware of.
4. Watching cartoons become a reason to have fluency (i.e., expressing sounds correctly) by children.


**Key Words:** Impact, Cartoon, Language Development, Children.